# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی هەشتەم ژمارە (183) بەرواری 1-2-2025

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل9


بەشی چواردەهەم

## وتەی ژمارە

## پەرلەمان عێراق و دەنگدان بە پرۆژەی دەستدرێژی سێکسی بۆسەر منالان!

عەبدوڵا مەحمود

٢١ ئەم مانگی رابردوو، پەرلەمان عێراق، لەیەک کاتتدا دەنگی لەسەر سێ پرۆژە یاسادا... واتە سێ یاسای کرد بە پاکیجێک و لە دەنگدانێکی مێژوویدا!! هەر سێ یاساکەی پەسەند کرد. ئەو سێ یاسایە پێکهاتبوون لە پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی، پرۆژە یاسای گەڕانەوەی موڵک و ماڵ بۆ خاوەنەکانیان، پرۆە یاسای باری کەسێتی ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩.



ئەوەی جێگای گاڵتەجارییە، پەسەندکردنی هەمواری یاسای باری کەسێتی لەبەرامبەر بە پەسەندکردنی دوو پرۆژە یاساکەی تردا بوو، یاسای لێبوردنی گشتی و گێرانەوەی موڵک و ماڵ بۆ خاوەنەکانیان لەوانە کورد و تورکمان.

سەرەتا هێنانی سێ پرۆژە یاساو کردنی بە پاکیجێک و مامەڵەو سازانی فراکسیۆنەکان لەسەری کە هەرسێ پرۆژەکە بەیەکەوە و بەیەک دەنگدان پەسەند بکرێن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆژە یاسای هەمواری یاسای باری کەسێتی و پرۆە یاسای ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی "کە زوربەیان تۆمەتبار"ن، هێندە نائینسانی و کۆنەپەرستانەو وەحشیانەن، تەنانەت پەرلەمان بەو کۆنەپەرستییەی خۆی ناتوانێت هیچ کامێکیان بەجیا بخاتە دەنگدانەوەو دەنگ بهێنێت، بۆیە پەنایان بۆ ڕێکەوتنی سیاسی بردووە، کە هەرکام لە فراکسیۆنەکان لە پێناو پرۆژە یاسای دڵخوازی خۆیدا، سازش بکات و چاو لەو تاوانکارییە بپۆشێت کە لە پرۆژەکانی تردا هەیە. لەو نێوەدا پرۆژە یاسای هەمواری باری کەسێتی کە ماف دەدات بەسەرۆک هۆز و خێڵەکان و پیاوانی هەوسباز لەدەرەوەی دادگا، پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و لەوەش مەترسیدار تر و دڕندانە تر، بە یاساییکردنی زەواجی منالی تەمەن نۆ ساڵە!!یە.

زەوی داگیرکراو کە مافی بێ ئەولاو لای خاوەنەکانیانە وەری بگرنەوە، دەکرێتە مەرجی دەنگدان بە پرۆژەی هەمواری یاسای باری کەسێتی و یاسای لێبوردنی گشتی. لە بەرامبەردا دەنگدان بە پرۆژەی یاسی لیبوردنی گشتی دەکرێتە مەرجی دەنگدان بە هەمواری

بۆ لاپەڕە 2

## ناڕەزایەتی، بایکۆت و چادرهەڵدان... لە پێناو موچەدا، بەڵگەی شەرمەزاری و بن بەستی دەسەڵاتە لە فەرمانڕەواییدا!



ماوەی چەند رۆژێکە بەشیک لە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، لەدژی دواکەوتن و پاشەکەوتکردنی موچەکانیان لە شاری سلێمانی و لەبەردەم نووسینگەی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان خێمەیان هەڵداوەو ژمارەیەکیش لە موچەخۆران مانیان لە خواردن گرتووە. هەروەها مامۆستایانی گرێبەست بەهۆی دابەش نەکردنی ٣ مانگی

بۆ لاپەڕە 3

## سەلوان مۆمیکا، لە ستۆکهۆڵم تیرۆر کرا!



کۆتایی ئەم مانگە سەلوان مۆمیکا، لە کۆمۆن و گەرەکی سۆدیرتیلیای ستۆکهۆڵم لەناو ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر کرا... سەلمان مۆمیکا، چەند جارێک وەکو نارەزایەتی بەرامبەر بە مامەڵەو رەفتاری ئیسلام و رەوتەکانیان، کۆپی قورعانی سوتاند... لەبەرامبەر بەو نارەزایەتیەیدا، بەشێکی زۆر لە ئیسلامیەکان و پیاوانی ئایننی و دەوڵەتی ئیسلامی، دەنگ و هاواری نارەزایەتیان بەرزکردەوە، تەنانەت ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیا کە دەیان قورعان و مزگەوتیان بە هاوڵاتیانی موسوڵمانەوە،

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- جەنگی غەززە جەنگی ئیسلام و جوو نییە......................................................ل4
- فرۆشتنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە کەرتی تایبەت تاوانێکی نەبەخشراوە......ل4
- لە پرسی رۆژدا چەند هەڵسوڕاوی بەرگری لە ژنان و منالان وەڵامیان داوەتەوە.......ل6
- دەنگێکی دلێر و چالاکوانێکی نەرم لەبەردەم نەشتەری ژاهراوی دادگای خێڵ دا...ل6


خوێنەرانی خۆشەویستی بۆپێشەوە... بەرواری ١٠ ئەم مانگە ژمارەیەکی تایبەتی بۆ پێشەوە، سەبارەت بە تێپەڕاندی هەمواری یاسای باری کەسێتی، دەردەچێت... هەر هاوڕێیەک بابەتی لەو بارەیەوە هەیە، تا ٨ مانگ بیگەیەنێتە دەستمان بەسوپاسەوە... بۆپێشەوە



دۆسیەی ژمارە "ئاگر بەستی نێوان ئیسرائیل و حەماس و ئایینده‌ی پرسی فەلەستین"

هاوڕێ سامان کەریم وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە

ل10-11-12


پرسی رۆژ ل5-6

ئەدەب و هونەر - کۆشەی ل7-8

## درێژەی وتەی ژمارە

یاسای باری کەسێتی و گێڕانەوەی زەوی بۆ کورد و تورکمانەکان. بەم شێوەیە لە ڕیکەوتنێکی سیاسیدا، کە ریشەی لە فیدرالیزمی قەومی و دابەشکاری هاوڵاتیان عێراقدایە بەسەر "کورد، عەرەب، شیعەو سونە" دوو پرۆژە یاسای زۆر نائینسانی و مەترسیدار لەلایەن ژمارەیەک ئەندام پەرلەمانی ویژدان تۆپیوو، بێ بەری لەهەر هەست و ویژدانێکی ئینسانی، پەسەند دەکرێن. ئازادکردنی دەیان هەزار زیندانی کە تۆمەتبارن بە کردەوەی ئینسانکوژی و تیرۆریستی و هاوکاری داعش و تاوانی مەترسیدار، لەگەڵ پەسەند کردنی یاسای هەمواری باری کەسێتی کە رەوایەتی دەدات بە توندوتیژی لە دژی منالان و ئیغتیساب کردنیان، نیشانی دەدات کە خەڵکی عێراق و کوردستان لەگەڵ چ دێوەزمەیەکی دەوڵەتی و یاسایی!! بەرەو روون.

هەر سێ فراکسیۆنەکەش شانازی بە پەسەندکردنی ئەو پرۆژە یاسایانە دەکەن و شایی لۆغانی سەرکەوتن، دەگێرن. وەرگرتنەوەی زەوی لە بەرامبەر بەسەندنەوەی مافی منالی و دەستدرێژی بۆسەر منالان... بەسەرکەوین دەزانن!! ئازادکردنی هەزاران زیندانی تۆمەتبار و تاوانکار، لە بەرامبەر بە ڕیگەدان بە بەشودانی کیژۆڵەی ٩ ساڵە بە دەستکەوت دەزانن... وەرگرتنی پەنجە مۆر بۆ هەمواری یاسای باری کەسێتی، لە بەرامبەر بەخشینی گێرانەوەی خاوەندارێتی زەوی و ئازادکردنی هەزاران جەلاد، بە بردنەوە دەزانن... ئەوەیە پەرلەمانی عێراق و ئەوانەن ئەندام پەرلەمانەکانیان. گومان دەکرێت و سەختە باوەڕ بەوە بکرێت هیچ کام لەو ئەندام پەرلەمانانە، ئامادەبن منالی نۆ ساڵەی خۆیان بەشوو بدەن و لە ژیان و مافی منالی بێبەشیان بکەن، کەچی لە سات و سەودایەکی کۆنەپەستاندا، ئامادەن ئەم تاوانکارییە پەسەند بکەن و بەرگی یاسایی بکەن بەبەر دەستدرێژی بۆسەر منالانی عێراقدا.

هەموو فراکسیۆنەکان و بەتایبەتی هەر سێ فراکسیۆن" شیعەی سیاسی، سونەی سیاسی، ناسیونالیزمی کورد"، بە پەسەندکردنی ئەم پاکیجە لە یاسا، روبەرووبونەوەیەکی ئاشتی هەڵنەگر و دوژمنایەتیەکی ئاشکرا لەگەڵ هەموو خەڵکی عێراق و کوردستان و سەرەتاییترین مافی ئینسان، بەیان دەکەن، لە پێناو خزمەتکردن بە توێژێکی شەهوەت هەڵچووی پیاو سالاری عەشایەر و سەرۆک هۆز و مۆخ بەستووی ئیسلامی و بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان.

پەسەندکردنی یاسای هەمواری باری کەسێتی، پەسەندکردنی پرۆژە یاسایەکە لەلایەن ئەم فراکسیۆن و رەوتانەی کە دوور و نزیک نوێنەرایەتی خەڵکی عیراق و هیچ مافێکی فەردی و مەدەنی و ئینسانی و ئاساییان ناکەن، بەڵکو لەبەرامبەریدا وەستاونەتەوە. خەڵکی عیراق بە عەرەب و کورد و تورکمان و کلد و ئاشوری و سونی و شیعی و مەسیحی و... تاد، هیچ کاتێک مل بە یاسایەکی ئاوا کۆنەپەستانە نادەن و دەزانن منالی نۆ ساڵە، پێویستی بە یاری و ژیانکردن و مافی منالانەو نازی دایک و باوک و کۆمەڵگە هەیە، و ئەم یاسایاش بە پێچەوانەو دژ بە منالانی خۆیان و توندوتیژی و هیرشێکی نەخشەمەندانە بەرامبەر بە کۆمەڵگە دەزانن.

منالان کە خۆیان توانای بەرگری لە خۆکردنیان نییە و دەبێ گەورەکان و کۆمەڵگە و یاسا، بەرگری لە ژیانی منالانەو مافەکانیان بکات و ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و شیاو ئارامیان بۆ دەستبەر بکات، کەچی پەرلەمانی عێراق و فراکسیۆنەکانیان دژی ئەم دیدە سادە و خواستی منالان دەوەستنەوە. ئەم فراکسیۆنانەی دەنگیان بەو یاساییە داوە، تۆمەتبارن و پێویستە رووبەرووی نارەزایەتی شەقامی کۆمەڵگە، رووبەرووی یاساو لێپرسینەوە، لە ئاستی ناوخۆ دەرەوە بکرێنەوە.

هێنانی پرۆژە یاسای هەمواری باری کەسێتی، و هەموارکردنەوەو ڕیکەوتنی شەرماوەری سیاسی لەنیوان لایەنەکان، بەر لەوەی هەمواری یاسایەک و تژی کردنی بێت لە پۆخڵەواتی مەزهەبی و یاسایی جەعفەری، هیرشێکی فراوانە بۆسەر مەدەنیەتی کۆمەڵگە. نارەزایەتی نوخبەیەکی سیاسییە هەوەسبازە، لەو ئاستە لە ئازادی و مافەکانی ژنان و منالان کە ساڵی ١٩٥٩ پەسەند کراوە. واتە ئەو نوخبە سیاسییە زۆر لە نوخبەی سیاسی نزیک بە ٧٠ ساڵی رابردوو، دواکەوتووترە و بەکردەوەش نیگەرانی ئامادەیی ژنان و مافەکانیانە، کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پەیرەوی دەکەن و بۆتە شیوە ژیانی ژنانی عێراقی.

> **هێنانی پرۆژە یاسای هەمواری باری کەسێتی، و هەموارکردنەوەو ڕیکەوتنی شەرماوەری سیاسی لەنیوان لایەنەکان، بەر لەوەی هەمواری یاسایەک و تژی کردنی بێت لە پۆخڵەواتی مەزهەبی و یاسایی جەعفەری، هیرشێکی فراوانە بۆسەر مەدەنیەتی کۆمەڵگە. نارەزایەتی نوخبەیەکی سیاسییە هەوەسبازە، لەو ئاستە لە ئازادی و مافەکانی ژنان و منالان کە ساڵی ١٩٥٩ پەسەند کراوە. واتە ئەو نوخبە سیاسییە زۆر لە نوخبەی سیاسی نزیک بە ٧٠ ساڵی رابردوو، دواکەوتووترە و بەکردەوەش نیگەرانی ئامادەیی ژنان و مافەکانیانە، کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پەیرەوی دەکەن و بۆتە شیوە ژیانی ژنانی عێراقی...**

کاردانەوەی چەند مانگەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی منالان و ئینسان دۆستەکان، بۆ بەرگرتن بە هەمواری یاسای باری کەسێتی، هێندە کاریگەر بوو کە نەدەتوانرا لە پەرلەمان تێ بپەرێنرێت، بۆیە ناچار پەنایان بۆ ڕیکەوتنی سیاسی" پلانی سیاسی" برد و ئەم یاسا شەرماوەر ئاسایەی هەمواری باری کەسێتیان، خستە مزایەدەی سیاسییەوە. وە لەسەر بنەمای فیدرالیزمی پوچی قەومی و تایفی و مەزهەبی، ڕیکەون و ئەو یاساییە لەگەڵ دوو پرۆژە یاسای تردا تێپەرێین. پەنا بردنی لایەنە سیاسیەکان، بۆ ڕیکەوتنی سیاسی بۆ دەرکردنی یاسا و تێپەراندنیان، هێرشیکی ئاشکراو مەترسیدارە بۆ ئێستاو داهاتوو، کە مافی هاوڵاتی بوون، دەکاتە قوربانی مافی بەش و بەش بەشینە لەسەر بنەمای قەومی و دینی و مەزهەبی و تایفی و بەم شیوەیە ناوەرۆکی ئینسانی و هاوڵاتی بوون هاوبەشی، لە هەموو پرۆژە یاساکاندا، خاڵی دەکاتەوە.

بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرگری لە مافە جیهانداگرەکانی ئینسان و منالان و ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ و...تاد چۆن لەماوەی رابردوودا توانیان ڕیگە لە هەمواری ئەم پرۆژە یاسایە بگرن و نەهیلن لە پەرلەمان تێبپەرێت، ئێستاش ئەرکیانە بە کاری ڕێکخراو و هاوبەش و نەخشەمەندانە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەو بە راکیشانی پشتیوانی ملیۆنی کۆمەڵگە، تیپەراندنی هەمواری یاساکە لە ڕێگەی ریکەوتنی سیاسیەوە، هەڵبوەشێنەوەو وەکو ماڵی قەڵپ بیدەنەوە بە ناو چاوانی خاوەنانیدا و ریسوایان بکەن.... بیگومان کۆمەڵگەی مۆدیرنی عیراق و ئازادیخوازی لە ئاستی ناوچەکەو دنیادا، ڕێگە بە یاسایەکی ئاوا شەرماوەر نادات.

یەکی شوباتی ٢٠٢٥

> **بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرگری لە مافە جیهانداگرەکانی ئینسان و منالان و ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ و...تاد چۆن لەماوەی رابردوودا توانیان ڕیگە لە هەمواری ئەم پرۆژە یاسایە بگرن و نەهیلن لە پەرلەمان تێبپەرێت، ئێستاش ئەرکیانە بە کاری ڕێکخراو و هاوبەش و نەخشەمەندانە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەو بە راکیشانی پشتیوانی ملیۆنی کۆمەڵگە، تیپەراندنی هەمواری یاساکە لە ڕێگەی ریکەوتنی سیاسیەوە، هەڵبوەشێنەوەو وەکو ماڵی قەڵپ بیدەنەوە بە ناو چاوانی خاوەنانیدا و ریسوایان بکەن....**

# درێژەی: نارەزایەتی، بایکۆت و چادرهەڵدان... لە پێناو موچەدا، بەڵگەی شەرمەزاری و بن بەستی دەسەلاتە لە فەرمانڕەواییدا!

موچەکانیان لە هەولێر و بریارە لەم چەند رۆژەدا لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران دەست بدەنە خۆپیشاندانی فراوان و بەهەمان شیوە لە دهۆکیش خۆپیشاندان ئەنجام بدەن.

دابەش نەکردن و دواخستنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم و مامۆستایان وانە بێژ، بۆتە گرێیەکی گەورە و کۆسپێکی گەورەی سەر ژیان و گوزەرانی بەشێکی بەرین لە خەڵکی کوردستان. هۆکاری دواخستن و دابەش نەکردنی موچە، بە جیا لەهەر هەراو هۆریاو بانگەشەیەکی دەسەلاتدارانی هەرێم سەبارەت بەوەی بەغدا هۆکارە، لە بنەرەتدا هۆکاری سەرەکی دەسەلاتی سیاسی هەرێمە، کە پرسی موچەی موچەخۆرانی هەرێمیان کردۆتە کارتێک بۆ ململانێی سیاسی و چاوچنۆکیان لەگەڵ دەسەلاتی بەغدا. رادەست نەکردنی داهاتی نەوتی و نانەوتی هەرێم، لیستی ساختە و ناوی دوبارە و نارۆشنی لە لیستی ناوی فەرمانبەراندا، کێبەرکێ لەسەر جۆری دابەشکردنی لە نیوان بانقە ناوەندییەکان و هەژماری من" تەوتین و هەژماری من" هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی موچەکان و دابەش نەکردنیەتی.

دابەش نەکردنی موچەو دواخستنی بەردەوامی لەگەڵ راگرتنی پلە بەرزکردنەوەو...تاد، بەڵگەی شەرمەزاری و بن بەستی تەواوی دەسەلاتی سیاسی هەرێمە لە بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییدا لەهەرە ئاستە نزم و ناشیرینەکەیدا.

دەسەلاتێک نەتوانێت موچەی موچەخۆرەکانی بدات، کە مافێکی حاشاهەڵنەگر و رەوای خۆیانە، دەسەلاتێکە دەبێ بڕوات و رابماڵرێت...

یاداشت نووسین، مانگرتن و بایکۆت و کۆبونەوەو خۆپیشاندان، لە ساڵی ٢٠١٤ وە بەشیوەی بەردەوام لەلایەن فەرمانبەرانی هەرێمەوە بەردەوامە، کەچی دەسەلاتی هەرێم میشیش میوانی نییە، گوێ بە لێکەوتەکانی دابەش نەکردنی موچە لەسەر پرۆسەی خوێندن و پەروەردە و دامەزراوەکان و ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگە نادات.

موچەخۆرانی هەرێم، بۆ ئەوەی بتوانن گوشارەکانیان لەسەر دەسەلاتی هەرێم زیاتر بکەن، ناچارن رێگە و شیوازی تر بۆ رووبەرووبونەوەی ستەم کاری دەسەلات و بگرنە بەر و فراوانتری بکەن.... مانگرتنەکان لە شوێنی کارەکانیان، هەڵدانی خێمە لە بەردەم دەروازە سنوریەکان و خاڵە گومرگیەکان، بۆ ڕێگەگرتن لە تالان و برۆی نەوت و قاچاخچێتی، بردنی کۆبونەوەکان بۆ بەردەم بارەگای سەرەکی حزبە دەسەلاتدارەکان.... بەشێک لەو رێگایانەن دەبێ بەدەستەوە بگیرێن... بەتەنها خێمە هەڵدان و کۆبونەوە بەدوور لە شوێنی کارەکانیان و بەدوور لە گوشار لەسەر شادەماری دزی و تالانی دەسەلات و بەدووری لە ناوەندی بریاری دەسەلات، لەوەش زیاتر بەبێ پشتیوانی بەشەکانی تری کۆمەڵگە و چینی کرێکار لە خواست ومافەکانی فەرمانبەران کاریگەریی سنووردار دەبێت... کاتی ئەوە هاتووە، هەڵسوراوانی ناو فەرمانبەران ڕیگای کاریگەرتر بگرنە بەر و تەنانەت واوەتر لە پرسی موچە و دواخستنی، بڕۆن و پێداگری زیاتر لەسەر مافەکانیان بکەن...

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# درێژەی:سەلوان مۆمیکا، لە ستۆکهۆڵم تیرۆر کرا!

سوتاند، دەماری ئیسلامیان جوڵا و کەوتنە هەرەشە بەخشینەوە... ئەو هیزە ئیسلامیانەی لە چەشنی داعش کە لە چاوتروکانێکدا بەهەزاران ئینسانیان لە شەنگال و موسڵ و ناوچەکە سوتاند و سەربڕی و دەستدریژی سێکسیان کردە سەر هەزاران کچ و ژن، بە هەزارانیان لێ بەدیل گرتن و لە بازاڕی کرێن و فرۆشتنی ئیسلامیدا مامەڵەیان پێوەکردن، هاواریان لێ هەڵسا... پیاوانی دینی و تەنانەت بەشیک لە "چەپی محتەرەم" هاتنە دەنگ و وتیان نابێت.. وتیان قورعان سوتاندن بەشیک نییە لە نارەزایەتی و ناچیتە ناو بازنەی پرۆتیست کردن و سوکایەتییە بە هەستی موسوڵمان و باوەرداران...

لە کاتێکدا ئیسلامی سیاسی و دەوڵەتی تورکیا و بازرگانانی دینی... نارەزایەتی و هەرەشەی کوشتنیان لە سەلوان مۆمیکا کرد، کەچی باوەرداران و خەڵکی ئاسایی هیچ هەرەشەیەکیان نەکرد و وەکو روداوێکی ئاسایی وەیان گرت...



لەدید و روانینی رەوتە ئیسلامیەکاندا، کە کۆمەڵێک بازرگانی سیاسین، ئینسان و مافەکانی بێ بەهان و کوشتن و سوتاندن و لاقەکردن و خۆتەقاندنەوە و فتواو هەرەشە و بەکەم تەماشاکردنی ئینسان، رەوایەتی پێدراوە. بە هاواری ئەڵلەو ئەلبەرەوە خۆ تەقاندنەوە لەناو خەڵکی سڤیل، شیلانی ئاپورەی خەڵکی، تیروری نەیاران و فتوای هەزاران مەلاو ناوەندی دینی.. ئاساین، بەڵام نارەزایەتی دەربرین بەو کتێب و بەڵگەنامە ئیسلامیانە و سوتاندنی وەکو نارەزایەتیەک، قبوڵ ناکەن و هاواریان لێ هەڵدەستێت... تەنانەت بەشێک لە چەپ، تورە دەبن و بەکردەوە داوا دەکەن دیموکراسی قارس بکەن و سوتاندنی کتێبی دینی وەکو سوتاندنی بەها و پیرۆزی تەماشا دەکەن... لە کاتێکدا نە هیچ کتێبێک و نەهیچ دین و مەزهەبێک و نەهیچ بیروباوەرێک پیرۆز نییەو ئەوەی پیرۆزە تەنها ئینسانە بێ گوێدانە ئەوەی هەڵگری چ بیروباوەێک و پەرستاری چ دین و کتێب و مەزهەبێکە.

تیرۆری سەلمان مۆمیکا، بەڵگەی شەرمەزاردی و دەست خوێناوی بوونی ئسلامی سیاسی دەخاتە روو بەرامبەر بە ئینسان و کۆمەڵگەو ئازادی بەیان و بیروراو نارەزایەتی دەربرینی ئازادانە. کتێب سوتاندن" هەر کتێبێک" بێت، پەنجەی هیچ کەسێک بریندار ناکات و ژیانی هیچ بوونەوەرێک ناخاتە ژێر هەرەشەوە، تا سزاکەی کوشتن بێت. خەڵک و هاوڵاتیان دەبێ ئازاد بن لە دەربرینی نارەزایەتیەکانییدا، و کۆمەڵگە دەسەلاتی دەولەت و یاسایی پیویستە بەکردەوە مافی هەر هاوڵاتیەک لە دەربرینی نارەزایەتیدا، بەرگری لێ بکات و لەبەرامبەردا سزا بۆ ئەوانە دابنێت کە هەڕەشەو چاوسورکردنەوە و دەست بۆ کاردانەوەی زبر دەبەن، لە بەرامبەر بە پیادەکردنی ئازادی خۆیاندا... ئازادی بی قەید وشەرتی بیروباوەر و بەیان و چاپەمەنی و نارەزایەتی...تاد بێ ئەمماو ئەگەر...

تیرۆری سەلمان مۆمیکا، لە وڵاتێکی وەکو سویدا، هەر تیرۆرێکی ئاسایی نییە، بەڵکو هەرەشەیەکی ئاشکرایە بۆسەر دەوڵەتی سوید و ئەو پەراوێزە لە کەشی کراوەی کۆمەڵگە کە بەرهەمی خەبات و تیکۆشانی چینی کرێکار و میژووی رەوتی ئازادیخوازییە لەم کۆمەڵگەیەدا.

**تەمەنی یاسایی کامڵبوونی جنسی بۆ ژن و پیاو ١٦ ساڵە. پەیوەندیگرتنی جنسیی کەسانی گەورەساڵ (سەرووی تەمەنی یاسایی کامڵبوون)، لەگەڵ کەسانی خوار تەمەنی یاسایی، تەنانەت ئەگەر بەڕەزامەندی خۆشیان بێت، قەدەغەیە و بەتاوان دەژمێردرێت...**



# جەنگی غەززە جەنگی ئیسلام و جوو نییە ؟!

## سەردار عەبدوڵا حەمە

جگە لەحیزبەکەی حاجی کاروان و ئیخوانەکان و ئێران وگروپە شیعەکان و بەشێکی جووەکان کە بە زایۆنی ناسراون هیچ کەس و لایەنێکی تر ئەم جەنگەی ئێستا بەجەنگی ئیسلام وە جوو ناناسێت. بۆیە بەم ئاگربەستەش دەڵێن سەرکەوتنی ئیسلام ئەمەش بە مانای سەرکەوتنی حەماسە وەک ڕێکخراوێکی ئیخوانی. ئامانجی ئەمانە بەکارهێنانی ئیسلامە بۆ بازرگانی و بەرهەمهێنانی سەرمایەو هەژارکردنی زیاتری کۆمەڵگە و قبوڵکردنی ئەم بارودۆخەلە لایەن چینە هەژارو برسیەکانەوە. ئامانجی ئەمانە بەهێزکردن و پایەگای ڕێکخراو ودەوڵەتی خۆیانە بەم پرۆپاگەندانە. بۆ ڕاستی ئەمانە با بە خاڵ چەند بەڵگە باس بکەین:

ئەگەر جەنگی ئیسلام وجوو بوایە ئەوا دەبوو هەموو جووەکانی دونیا پشتگیری ئیسرائیلیان بکردایە، بەڵام بە پێچەوانەوە بەشێکی زۆر لە جووەکان لە ناوەوەی ئیسرائیل و لە ئەوروپا و ئەمەریکا وکەنەدا وتەواوی جیهاندا بە ئاشکرا نارەزایەتیان دەربڕی دژی هێرشی ئیسرائیل بۆسەر غەززە.

ئەگەر جەنگی ئیسرائیل دژی ئیسلام بوایە ژنان و پیاوانی موسڵمان لە ناو غەزەی وێرانەوە دژی حەماس و ئیخوان نارەزایەتی توندیان دەرنەئەبڕی وەک لە چەندین ڤیدیۆدا بینیمان .

ئەگەر جەنگی ئیسلام و جوو بوایە هەرگیز ئێران و شیعە و هاو هەڵوێست نەدەبوون لەگەڵ حەماسدا، چونکە حەماس سوونییە و ئەوان شیعەن کە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام ئەم دوو ڕەوتە هەمیشە دژ بەیەکتر بوون تەنانەت ئیمام و سەرکردەکانیان بەدەستی یەکتر کوژراون. بۆ نموونە ئیمام حسین کە هەموو ساڵێک شیعەکان یادی دەکەنەوە بەدستی سوونەی وەک حەماس تیرۆر کراوە.

ئەگەر جەنگی ئیسلام جوو بوایە ئەمەریکاو ڕۆژئاوا پشتی ئیسرائیلیان نەدەگرت، چونکە ئەوانە هەر یەکەیەیان حوکمی کۆمەڵگەیەک دەکەن کە زۆربەی مەسیحیە. هەر بۆ زانین مەسیحیەکانیش پێ یان باش نییە جوو بە هێز بێت و سەرکەوتوو بێت. مێژووی دژایەتی مەسیحییەت لەگەڵ جوودا ئەو ڕاستیەمان نیشان ئەدات.

ئەگەر جەنگی ئیسلام و جوو بوایە ئەوا دەبوو لە ئەمەریکا و ئەوروپا یەک موسڵمان نەبوایە و ڕێگایان بە یەک موسڵمان نەدایە ببێتە پەنابەر وهاوولاتی (ئەمەریکا وئەوروپا پاڵپشتی ئیسرائیل بوون و هەن) کەچی بە پێچەوانەوە بە ملیۆنەها موسڵمانی فەلەستینی و عەرەبی و کوردوئەفغانی و پاکستانی وهندی لەم وڵاتانەی ئەمەریکا وغەرب بە ئازادانە دەژین هەرکەس تاوانیان بەرانبەر بکات یاسووکایەتیان پێ بکات بە پێ ی یاسا بە ڕاسیست دائەنرێ و سزا ئەدرێت، ئەگەر سەرۆک وەزیر یا وەزیر وپەرلەمانتاریش بێ. موسڵمان لە ئەمەریکاو غەرب وتا ئیسرائیلیش خاوەنی هەزاران مزگەوت و سەنتەری ئیسلامین نوێنەریان لە ناو حکومەت وپەرلەمانەکانیاندا هەیە. هۆکاری ئەم جەنگە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بەرژوەندییە ئابورییە جیاوازەکان، نەک ئایدۆلۆجیا (ئیسلام و جوو) ئیسرائیل نایەوێ مافی ئینسانی بۆ فەلەستینیەکان بە ڕەسمی بناسێ، چونکە ئابوریەکەی گەشە ناکا و بازارەکەی دادەبەزێت. ئیسرائیل نایەوێ فەلەستین جیابێتەوە وئابوری سەربەخۆی خۆی هەبێت، چونکە لەو ڕێگەوە ئابوری خۆی کز دەبێ ناتوانێ قازانج و سەرمایە کەڵەکە بکاو بەرگەی قەیرانەکان بگرێ. لە م ڕێگایەوە دەتوانێ فەلەستین بکاتە بازاڕێک بۆ کالاکانی خۆی و بۆ کڕینی هێزی کاری هەرزان و بۆ دەست بەسەرا گرتن بەسەر کەرەستە خاوەکەی و بۆ سەرمایەگوزاری. ئیسرائیل هەر بۆ ئەم مەبەستە پەلاماری سوریاو لوبنان دەدات، ئەمەریکا و غەربیش بۆیە پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکەن، چونکە دەتوانن چەکی پێ بفرۆشن وبازرگانی لەگەڵدا بکەن و لە ڕێگای سەرمایەگوزاری لە ناوچەکە ئیسرایلیان بۆ گرنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قازانجێکی زۆریان لێ دەست دەکەوێ لەم ڕێگایەوە دەتوانن بازاڕێکی باش بۆ خۆیان دابین بکەن و فروانتریشی بکەنەوە. لە بەرانبەر ئیسرائیل و غەربیشیدا حەماس و ناسیۆنالیستەکانی وەک فەتح و هەروەها ئێران و تورکیاش بەدوای هەمان بەرژوەندیەوەن. ئەمە کرۆکی جەنگە لە فەلەستینە. هەرئێستا بۆ چاککردنەوەی غەززەی وێران بوو ٦٠٠ ملیار دۆلار پێویستە، وەک خۆیان باسی دەکەن، کە قازانج و بەرژەوەندی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی سەرمایەداری دابین دەکات بەشێوەیەکی زۆر گەورە ئەمەش ئامانجێکی تری هەڵگیرسانی ئەم جەنگەیە. تا کێشەی خەڵکی فەلەستین چارەسەر نەکرێ تا دەوڵەتێک بۆ فەلەستین دانەمەزرێ ئەم شەڕو کوشتارەش کۆتایی نایەت. ئەنجا تا ئەم کێشەیە هەبێت ڕاسیزمی ئیسرائیلی بەهێزتر دەبێ ولەولاشەوە ئیسلامی سیاسی چ باڵە ئیخوانەکەی و چ باڵە شیعەکان و چ باڵە جیهادیە سوونیەکان دەبنە گورگی برسی بەسەر خەڵکی فەلەستینەوە و دەبنە هۆکار بۆ مەینەتی زیاتر بەسەر ئەم خەڵکەدا.

## فرۆشتنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان به کەرتی تایبەت... تاوانێکی نە بەخشراوە

هەواڵی بریاری فرۆشتنی تاقیگە پزیشکیەکانی خەستەخانە گشتییەکان بە کەرتی تایبەت، دزەی کردووە. واتە لە بنەڕەتدا دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و بنەماڵە چاوچنۆکەکانیان، هەوڵیان ئەوە بووە ژێر بەژێر و بەدزی و دوور لە چاوی کۆمەڵگەو میدیا، تاقیگەی خەستەخانەکان بفرۆشن. ئەگەر فرۆشتنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بەتایبەتیش ئەو کەرتانەی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و خەڵکی کەم دەرامەت هەیە، تاوانکارییەک بێت، ئەوا بەدزی فرۆشتنی و شاردنەوەی لە چاوی ڕای گشتی کۆمەڵگە، تاوانکارییەکی ترە. جیا لەوانە فرۆشتنی هەر خزمەتگوزارییەک بە شێوەی ژێر بەژێر و نهێنی، نیشانەی ئەوەیە کە ئەوە مامەڵەیەکە لە نێوان دەسەڵات و دەسەڵات خۆیدا، بۆ ئەوەی لەو مامەڵەیەشدا هەر خۆیان سودمەندی یەکەم بن. واتە بە کردەوە مامەڵەیەک لە نێوان فرۆشیار و کڕیارێکدا یان لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت و بەڵیندەرەکاندا نییە، بەڵکو گواستنەوەی خزمەتگوزارییە گشتیەکانە، بۆ دەستی حزبی خۆیان و بنەماڵەکانیان و کەسانی ناو بازنەی دەسەڵات.

فرۆشتنی ئەو بەشە کەمەی ماوە لە خزمەتگوزاری گشتییەکان، بۆ کەرتی تایبەت یان هەرزان فرۆش کردن و ژێر بەژێر رادەستکردنی بە حزب و کۆمپانیاکانی خۆیان، لە هەلومەرجێکدا، کە موچە کەم یان بەردەوام دوادەکەوێت و لێی دەبڕدرێت، وە رادەو ئاستی داهاتی تاک لەبەرچاو ناگرێت، نموونەی لە هیچ جێگایەکی ئەم دنیاییە نییە، جگە لە دەسەڵاتی تالانچی حزبی و بنەماڵەیی بۆرژوازی کورد.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لە کاتێکدا کەمی موچەو لێبرینی موچەی کردۆتە مۆتەکەی سەر ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و موچەخۆرانی کوردستان، لە پاڵیدا بەسەدان رێگا خەریکی کۆکردنەوەی باج و رسومات و خەریکی خۆدزینەوەیە لە هەر جۆرە بەرپرسیاریەتیەک بەرامبەر بە کۆمەڵگە، هاوکات خەریکە دەست بۆ هەموو کەرت و بەشێکی کۆمەڵگە دەبات و هەموو سەرچاوەکانی داهات، حەپەلوش دەکات.

خەڵکی کوردستان و خەمخۆرانی کۆمەڵگە کەرتە گشتییەکان وخزمەتگوزارییەکان، پێویست دەکات، جڵەوی ئەو تالانیی و دزییەی دەسەڵات و بنەماڵەکان بگرن... داهاتی ژێر زەوی و سەرزەوی، زەویەکان بەشاخ و گرد و تەپۆلکەو دەشتاییەکانەوە، تا دەگاتە سەرجەم بەڵیندەرایەتی و بازرگانی و ... لەلایەن حزب و بنەماڵەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.... بەشیک لەو خزمەتگوزارییە گشتیانەی ماوە، کەوتوونەتە بەردەم هەرەشەی هەزار سەری هەڵوشین و لەبەین بردنەوە، ئەگەر ئەم رەوتی دزی و تالانییە ئاشکرایە بەری پێنەگیرێت، چەندین هیندەی تر خەڵکی کەم دەرامەتی کوردستان، دەخرێنە ژێر گوشاری سەختی ژیان و گوزەران و بەڕێوەچوونەوە... پیویستە نەک هەر ریگە لەو تالانی و دزییە بگیرێت، بەڵکو پیویستە بە خەبات و گوشاری ریکخراوی جەماوەرییەوە، دەسەڵات ناچار بکرێت خزمەتگوزارییەکان زامن بکات و لەوەش زیاتر بەخۆرایی بخرینە خزمەت بە هاوڵاتیانەوە. هاوڵاتیان مافی خۆیانە لە هەموو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و تەرفیهیەکان، بەهرەمەند بن. وێرانکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و هێنانە خوارەوەی ئاستی خزمەتەکانیان بە بەرنامە بۆ دارێژراو و لەوە زیاتر هەرزان فرۆشکردنیان بە کەرتی تایبەت بەشیوەی ژێر بەژێر بە بنەماڵە حزبیەکان، تاوانێکی نەبەخشراوە بەرامبەر بە کۆمەڵگە و لەپیش هەموویانەوە بەرامبەر بەچینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگە. بۆیە دەبێت بریاری فرۆشتنی تاقیگەی خەستەخانەکان بە کەرتی تایبەت هەڵبوەشیتەوە ریگە لەوە بگیرێت بچیتە بواری کردارییەوە.

**بۆپێشەوە**

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## دەربارەی تێپەڕاندی پرۆژە یاسایی هەمواری باری کەسێتی لە پەرلەمانی عێراقدا، لە ڕێکەوتنێکی پڕ شەرمەزاریدا...

## چەند هەڵسوراوێکی بەرگری لە مافی ژنان و منالان وەلامیان داوەتەوە...

**پرسی رۆژ: دەنگدانی پەرلەمانی عێراق لەسەر هەمواركردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەعێراق**

٢١ی کانوونی دووەم ٢٠٢٥ لە سات و سەودای سیاسی نێوان فراکسیۆنەکانی (شیعە وسونە وکورد) لەپەر لەمانی عێراق ٣ یاسا بەیەکەوە دەنگیان لەسەردرا (وەک زۆرێک لەپەرلەمانتاران ئاماژەیان پێکرد) پێشێلکردنی دەستورە. هەمواركردنەوەی یاسی باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ داواکاری سەرەکی هێزی (چوارچێوەی هاوئاهەنگی) بوو، هەمواركردنەوەی لێبووردنی گشتی داواکاری فراکسیۆنی سونەبوو (زوربەی گیراوەکانی تیرۆر لەپارێزگا سونیەکانن)، لەکاتێکدا کورد لەدەنگدانی یەک سەبەتەی یاساکاندا، یاسای گێڕانەوەی موڵکەکانی پێبڕا کەسەردەمی رژێمی بەعس زەوتکرابوون وگەڕانەوەیان بۆکوردەکان بەتایبەت لەپارێزگای کەرکوک شارەکانی دیکەی کوردستان.

**پرسی رۆژ: بەرای ئێوە قوربانی سەرەکی لەو دەنگدانەدا کەبە دەنگدانی (یەک سەبەتە) ناودەبرێت کێ دەبێت؟ کۆمەڵگەی عێراق بەگشتی؟ یان تەنیا کچان وژنان دەبن؟**

**پرسی رۆژ: خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ژنان ومندالان لەناوە و لەدەرەوە دەتوانن چی بکەن؟**

**بەڕێز (کەژاڵ عەبدولقادر حەمەشەریف) داکۆکیکار لەمافەکانی ژنان وەلامی ئەم پرسەی داینەوە.**



**کەژاڵ عەبدولقادر حەمەشەریف: عێراق**

سەدەیەک چووە دواوە لەژێر رکێفی فەرمانرەوایی مەزهەبی و لەبۆشایی یاسادا! سێ یاسا بەیەکەوە هەموار بکرێت؛ وەکو یاساییەکان دەڵێن یاسایی نییە! بەڵام عێراق ئێستا وڵاتی سەوداو مامەڵەی سیاسییە، لەبری پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان. ٢١/١/٢٠٢٥ رۆژێکی رەش تۆمارکرا لەم وڵاتەدا کەلانکەی شارستانێتی بوو، کەرەشییەکەی بە نێوچاوانی سەرۆکی پەرلەمانەوە لەهەمویان رەش ترە. ئایا پەرلەمان شوێنی چاودێری وباشکردنی یاساکانە؟ یان شوێنی سەوداو مامەڵەیە؟

هەمواری یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩؛ کۆمەڵێک مافی بۆ ژنان وکچان دەستەبەر کردبوو، کەلەنێویاندا تەمەنی هاوسەرگیری ١٨ سال بێت، و مافی دایکایەتی دوای جیابونەوە بۆ دایک، و کۆمەڵێک بابەتی تر. ئەمانەش مافی سەرەتایین وپێویستی بەهەموار کردنەوە هەبوو بەرەو باشتر نەوەکو وێرانکردنی! بەڵام کۆمەڵێک ئەندام پەرلەمانی بێویژدان، کەبەدەنگی خەڵک هاتونەتە پەرلەمان، گوایە هەندێ برگەیان چاکردووە، و تەمەنی کچ لە ٩ ساڵەوە کراوە بە ١٥ ساڵ. بەڵام ئەمە لە مدەوەنەکاندا نەنوسراوە؟ ئەوکاتە مەزهەبەکان خۆیان بریار ئەدەن وهیچ جێگایەک بۆیاسا نامێنێتەوە بەدڵی خۆیان. بۆنمونە مەزهەبی شیعە کەبریتییە لە مەزهەبی جەعفەری و مەرجەع بریار ئەدات. بەڵام سونە هیچ مەرجەعێکیان نییە وەلەهاوسەر گیرییا تەنها مەزهەبی پیاو حوکم ئەکات! ئیتر مێینەیەک نییە وەکو مرۆڤ بژی! تەنها بوکەڵەیەکەو هەویرێکە ئەشێلرێت بەدڵی هاوسەر، وەکرین وفرۆشتنی پێوە ئەکرێت، بەبێ پرسی ئەو ئەتوانێت ٤ ژن بهێنێت ولەکاتی جیابونەوەشیدا بێبەشی بکات لە دایکایەتی! جگە لەوەی برگەو بابەتی ترسناکی تیایە.

باشە هەڵوەشاندنەوەی بریارێکی رژێمی پێشوو و گەرانەوەی زەوی وزار بۆخاوەنەکانیان جێگەی دەست خۆشییە، بەڵام لەبەرامبەر وێرانکردنی کۆمەڵگەدا هیچ نییە، یاخود لێبوردنی گشتی بۆ ژمارەیەکی زۆر لەسونەکان، کەبەشێکی زۆریان کۆنەبەعسی وتیرۆرستن! ئەم سێ یاسایە بەیەک پاکێج سەیرە لەماوەی خولەکێکدا تێبپەرێنرێت! بەراستی پێویستی بەدەنگێکی زۆر هەیەو نارەزایی وهاتنە سەرخەت لەلایەن رێکخراوەکانی ژنان ومنالان ومافی مرۆڤ . چونکە گەورەترین زوڵم لەمنالان و نەوجەوانان ئەکرێت، هاوشێوەی نییە. رۆژی ٤شەممە ٢٢/١ لەسلێمانی هاوپەیمانی ١٨٨ کەپێکهاتووە لەکۆمەکێک رێکخراوو چالاکوانان و پیاوانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز ومرۆڤدۆست؛ بەیاننامەی نارەزایەتی خوێندرایەوە وجگە لەوەی بەزمانی ئینگلیزی بۆزۆربەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نێردراوە، وپێویستە لەدەرەوەش هەمان دەنگی نارەزایەتی هەبێت، چونکە عێراق سالی ١٩٨٦ واژوی کردووە کەئەبێت مافی ژنان ومناڵان پارێزراو بێت. ئەم هەموارە دژی واژۆی خۆیەتی و بەرپرسیار ئەبن وتۆماری پەڵەیەکی رەشیانکرد بۆخۆیان. هەمواری ئەم یاسایە خراپترین لێکەوتەی هەیە بۆسەر کۆمەڵگەی عێراق، وگەرانەوەی سەدەیەک بۆ دواوەیە. چونکە کۆمەڵگەو خێزان هەلئەوەشێتەوە، کچان منالیان لێ ئەسەندرێتەوە بێبەش ئەبن لەمافی یاری وخوێندن وخۆش گوزەرانی، چونکە ئەکەونە ژێر باری قورسی بەرپرسیارێتی خێزان. وە مەزهەب جێگای یاسا ئەگرێتەوە. عێراقێکی تاریک ونەخوێندەوار چاوەرێمانە!



**بەڕێز ئارام حەمەساڵح بەمجۆرە وەڵامی داینەوە:**

**ئارام حەمەساڵح:**

هەڵبەتە زۆر دەمێکە مێژوو ئەو هەقیقەتەی پشتراست کردۆتەوە، کە هەمیشە دین باشترین داردەست بووە بەدەست دەسەڵاتداران و حکومەتەکانەوە بۆ کەمزاندن و چەوسانەوەی زیاتری چینی هەژارو ستەمدیدە، هەر لەبەر هەمان هۆکاریشە دەسەڵاتداران گرنگیەکی تایبەت بە پیاوانی ئاینی ئەدەن و جۆرەها ئیمتیازیاتیان بۆ دەستەبەر دەکەن. سەرنجبدەن؛ لەو هەرێمی باشوورەدا مامۆستایان و فەرمانبەران بێ مووچە، و بێ مەعیشەتن و پارەوپولیان نییە، ژیانی سادەو ساکاری خۆیان وقوتی ژیانیان نییە، وچەندین ساڵە

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

لە
پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری
سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات.
هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان
کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس
ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو
بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

لەژیانێکی کولە مەرگیدا دەژین لەکاتێکدا کە مەلاو پیاوانی ئاینی لەوپەڕی رفاهیەتدان،و هەمیشە مووچەی خۆیان لەکاتی خۆیدا وەردەگرن. گومانی تیدا نییە کە تیپەڕاندنی یاسای بەشودانی کیژی تەمەن 9 ساڵە، یان با وردتر بڵێم یاسای ئیغتیسابی منداڵان بەهاوکاری و هەماهەنگی باڵە جیاوازەکانی ئیسلامی سیاسی جێکەوت کـــــــــــــــــراوە.
هەزار نەفرەت لە کۆنەخوازان و ئیسلام و گەمژەکانی کلتوری بیابانی شوانکارەو بێڕەوشت. ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە؛ جگە لە پەرلەمانتارە ئیسلامیەکان، وەکو دەڵێن چەند پەرلەمانتاریکی حیزبە کوردوستانیەکانیش دەنکیان بەو یاسا شەرمهینەرەوە داوە.



بەڕێز هاوڵاتی( محەمەد ئەمین) ئەم وەڵامەی بۆناردووین:

محەمەد ئەمین: بە شێوەیەکی گشتی ڕێککەوتنی کوتلە و حیزبە جیاوازەکان، تەنانەت ناکۆکەکانیش، بۆ نمونە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، لە پەرلەمان بۆ تێپەڕکردنی پرۆژە یاسا، کارێکی ئاساییە و لە زۆر پەرلەمانی دنیا ئەمە ڕودەدات. ئەوەی ئاسایی نییە ڕێککەوتنە لەسەر تیرۆرکردن و تێکشکانی شکۆ و کەسایەتی منالان. ئەوەی لە پەرلەمانی عیراق ڕویدا، بەیاسایکردن و شەرعیەتدانە بە دیارەی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منالانێک کە ناتوانن هیچ بەرگریەک لە خۆیان بکەن. یاسا دەبێت بۆ پارێزگاری لە مافەکانی قوربانی بێت، نەک پاڵپشتی و دانانی پارێزبەندی بۆ تاوانباران! ئەم بابەتە تەنها لە چوارچێوەی دەستدرێژی سێکسی نامێنێتەوە، کۆمەڵێک پرسی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت یاسایی تر بەدوای خۆیدا دروستدەکات، منالێک کە خۆی هێشتا لە دەسپێکی سەرەتایی پرۆسەی پەروەردەکردنە، و لە قۆناغێکدایە تەنانەت دایکان و باوکان پێویستیان بە کۆمەکی کەسانی پسپۆرە، لێرەوە پێویستی قوتابخانە و مامۆستا دێتە کایەوە، چونکە لای منالان لە تەمەنی ٦ تا ٧ ساڵی پرسیار دەربارەی سروشت و دەوروبەر دروست دەبێت، ئەم یاسایا دێت لەم قۆناغە هەستیارە بە منالەڵان دەڵێت، ئیتر ئێوە نەک هەر پێویستیتان بە پرۆسەی پەروەردە نییە، بەڵکو لە ئێستاوە ئێوە دەبێت ئەرکی ماڵ و بەخێوکردنی منال لە ئەستۆ بکرن، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو منالانە خۆیان کەسایەتیان تێکشکاوە و شکۆیان بریندارکراوە و لە ئاڵۆزترین و ترسناکترین تراوماوە دەژێن و تەوای قۆناغی منالی و هەرزەکاریان، دەتوانم بڵێم تەواوی ژیانیان لێ زەوتکراوە

پرسیارێک کە گرنکە بکرێت؛ دوای ئەو بڕیارە ئایا یاسا چۆن دەڕوانێتە ئەو منالانە؟ ئایا تەمەنی یاسایی و کەسایەتی یاساییان وەک گەورەیەکی سەرو ١٨ ساڵ دەبێت؟ یان هەر منالن؟ ئایا تەمەنی ١٨ ساڵی کە جیاکەرەوەیی نێوان منال و گەورەیە لە یاساکاندا دەمێنێتەوە؟

لێرەوە دەبینین؛ ئەم بەناو پرۆژەیاسایە جگە لەوەی شەرعیەتدانە، تاوانێکی قێزەونە، لە هەمان کاتدا گەرەلاوژێ و فەوزایەکی وا بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە زۆر بەهای تری کۆمەڵایەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەرکی هەنوکەیی هەموو تاکێکی عیراقیە کە شکۆی مرۆڤ و ژیانی ئازادی مرۆڤ لە ڕیزبەندی سەرەوە و لە چەقی بیرکردنەوەی خۆیان ببینن، لە بەرەیەکی یەکگرتوو لە ناوە و دەرەوەی عێراق دژ بەم یاسا بەربەریە بوەستن. دەکرێت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، میدیا جیهانیەکان و ئۆرگانە پەیوەندیدارەکانی یەکێتی ئەوروپا و نەتەوەیەکگرتوەکان لەم تاوانە ئاگادار بکرێن و فشار بۆ پوچەڵکردنەوەی بکەن....

# دەنگێکی دلێر و چالاکوانێکی نەرم لەبەردەم نەشتەری ژاهراوی دادگای خێڵ دا

## نووسینی: ئەروەند رزگار

ئومێد بەڕۆشکی ڕۆژنامەنووس و چالاکوانێکی کارامە و دەنگێکی بەهێز و بەرگریکارێکی مافەکانی مرۆڤە . ئەو هەموو هەوڵێک ئەدات لەڕێگەی نوسین و چالاکیەکانیەوە بۆئەوەی دیموکراسی و ئازادی لە کوردستان بەرقەرابێت بەبێ گوێدانە بەربەستەکانی ژیانی کە بۆی دروست ئەکرێت .چالاکییەکانی ئەو بەشێکە لە هەوڵدان بۆ جیهانێکی باشتر و دادپەروەر.

ئەوەی جێگەی سەرنجە دەسەڵاتێکی ملهوڕ و کەڕ و کاسی وەک دەسەڵاتی باشوور



نایەوێت نەخۆی نە هاولاتیان ئەو هەوڵ و هاوارانە ببیستێ تا خەڵک هۆشیار و چاوکراوە نەبێتەوە لەو زوڵمانەی کە بەنهێنی و ئاشکرا پیادەی ئەکەن. ئەمەش لەپێناوی هەرچی زیاتر مانەوە و دەستگرتن بە کورسی و بەرژەوەندیەکانی خۆیان و بنەماڵە و حیزبەکانیانەوە .

٣٠ ی ١ ی ٢٠٢٥ بۆ چەندینجار و وەک کرداری لەمێژیینە و هەمیشەیی خۆیان گوێبیستی بڕیارە گاڵتەجاریەکانی دادگای خێڵی بارزان بووینەوە کە سزای زیندانی کردنی ئەو چالاکوانە قارەمانەی دەرکردووە بۆ ماوەی شەش مانگ بەبیانوویەکی زۆر گاڵتەجاڕانە و ئاست نزم و ناوبۆش کە ئەویش یاسای خراپ بەکارهێنانی مۆبایلە !

گوایە کە لە پۆستێکی فەیس بووک داوای ئازادی بۆ مرۆڤەکانی تر و هاوڕێیانی تری لە بادینان کردووە و ئەمەش کاریگەری بۆسەر ئەمن و ئاسایشی کوردستان هەیە ! ئەو بەناو دادگایە کە خۆی مەترسیە بۆسەر ژیانی تاک بەتاکی کوردستان ئازادی بە مەترسی بۆسەر خۆی ئەبینێ بۆیە بەنیسبەت ئەوانەوە ئەو هاوار و نوسینە هێڵی سوورە بۆ ئەوان .

سزای پۆستێک شەش مانگ زیندانی و چەندین جاری تر گرتن و ترساندن و هەڕەشەکردن بێت ئەی ئەپرسم :

سزای فرۆشتنی ٥١ ٪ ی خاک و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی نەوەکانی داهاتوو چیە ؟

سزای بەکوشتدانی دەیان هەزار کەس لە شەڕی ناوخۆ دا چیە ؟

سزای سەرهەڵگرتنی ئەو هەموو سامانە مرۆیی و گەنج و منال و خێزانانەی کە لەتاو زوڵمی ئێوە ڕائەکەن و خۆیان ئەدەنە دەست شەپۆلە بێڕەحمەکانی دەریا و کۆچ ئەکەن چییە؟!

ئەی سزای برسیکردن و ترساندن و تۆقاندن و تیرۆرکردنی خەڵک چیە ؟

ئەی سزای بڕینی قوتی ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانە چییە کە تا نوسینی ئەم بابەتە لەژێر خێمەی سارد و سڕدان و مانیان لەخواردن و خواردنەوە گرتووە تا دەسەڵاتە نابووت و بێڕەحمەکان ئاوڕێکیان لێبدەنەوە و قوتی دزراویان بۆ بگەڕێننەوە ؟!

ئەی کێ ئەوانە سزابدات کە کەرامەتی تاکی کورد ئەتکئەکەن ؟

ئەی کێ ئەو بەناو سەرکردانە سزا بدات لە کاتی بوونی کەمتەرخەمی لەکارەکانیاندا ؟!

ئەی کێ خودی دادگا سزا بدات کە بووە بە مقاشێک بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانی حیزب و بنەماڵە و بەرەبابەکانیان ؟!

ژیانێکی کورتی بەکەرامەت زۆر شانازیترە وەک لە ژیانێکی درێژی پڕ سەرشۆری و نەهامەتی و زوڵم . بۆیە داوا لە هاوڵاتیانی وڵاتەکەم لەناوخۆی ووڵات و چالاکوان و ڕەوەندی دەرەوەی وڵات ئەکەم بەبێ هیچ ترس و سڵەمینەوەیەک پشتگیری خەباتی مەدەنیانەی ئەوانە بن کە خەمخۆر و داکۆکیکاری سەرسەختی دۆزی ڕەوای کوردن و ئەیانەوێت میللەت لەتاو زوڵم و زۆری دەسەڵات ڕزگاربکەن و هەوڵی هۆشیارکردنەوەی گشتی ئەدەن و دۆزە ڕەواکانی میللەتەکان ئەگەیەنن بە لایەنە پەیوەندیدارەکان چ لەناوخۆ چ لەدەرەوەی وڵات .

هەمومان ببینە پاڵپشت بۆ هەرچی فشاری زیاترە بۆ ئازادکردنی بەڕۆشکی و زیندانیانی تری ڕێگەی ماف و ئازادی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەباتی مامۆستایان و مووچەخۆران و هاوڵاتیان .

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف




## زمانی نوسین لە دەقەشیعرییەکانی ئازاد مارف دا

ن/جەمال نووری

نووسین وەک خۆی کردەیڕوانگەی هایدگەرەوە، »ماڵ«ی مرۆڤ لەو شوێنەدایە کە بوون ئاشکرا دەبێت؛ نشینگەی مرۆڤ زمانە؛ زمان شوێنێکە کە مرۆڤ دەتوانێت جەوهەری خۆی تێدا بدۆزێتەوە؛ هەر لەم ڕووەوەیە کە هایدگەر دەڵێت: »زمان ماڵی بوونە. مرۆڤ نیشتەجێی ماڵی بوونە. «بەم پێیە، بوونی مرۆڤ، تەنها لەناو زماندا دەرەخسێت و مانای دەبێت. زمان، تەنها کۆمەڵێک وشەی داڕێژراو نییە کە ئاماژە بن بۆ شتگەلێکی ناسراو، بەڵکە بەزمانهێنان وەک جیهانێتیی جیهان دەردەکەوێتی ترسناکە، نەک بە هۆی ئەوەی نەریت، ئەخلاق، بیروباوەڕ و شێوەی بیرکردنەوە دەگۆڕێت، بەڵکە زیاتر بە هۆی ئەو سیفەتە پارادۆکسەیەوە کە هەیەتی؛ نووسین هەم دیواری واقیع کون دەکات، هەم ئەستوونەکانی واقیع بەهێزتر دەکات؛ نووسین چەندە دەرخستن و کەشفکردنە، هێندەش کەپت و چەپاندنە، زمانی نوسین لای ئازاد مارف ئەو هێزەیە کە دەیەوێ لەڕێگای وشەوە دیواری واقیع کون بکات، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کاتێک مرۆڤ لەناو سروشتدا بەدوایی ئەوەدا دەگەرا لە نهێنیەکانی سروشت تێبگات لە چاخەکانی بەردینەوە مرۆڤ لەدوای بەرد هاویشتن وشەی بەکارهێنا بەمەش گەورەترین وەرچەرخانی لە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا دروستکرد، (زمان )بۆ پەردە پۆشکردنی حەقیقەتە نەووتراوەکان هاتەئاراوە.

ئازاد مارفی شاعیر کاتێک بیەوێ شیعر بنووسێ، جۆرێک لەزمانی نوسین بەکاردەهێنێ کە بەسانایی بتوانێ حەقیقەتە تاڵەکانی تیا بەیان بکات.

### ئاگایی و نائاگایی لە شیعری ئازاد مارف دا

شیعر هەم پەیڤینە لەبارەی شتێک، کە دەشێت بیندراو، یان هەستپێکراو بێت، هەم ژیانە لەگەڵ ئەو شتەدا. کاتێک (ئازاد مارف) وەک شاعیرێک لە بارەی شتێک، یان بابەتێکەوە دەنووسێت، ئەو هەم لە دەرەوەی ئەو شت و بابەتە سەرنجی دەدات و تێی ڕادەمێنێت، هەم لەگەڵی دەژی و هەستی پێ دەکات. بۆیە شیعر دەتوانێت ئاوێتەبوونی فیکر و هەست، یان کارێکی بەئاگایانە (هۆشدارانە) و بێئاگایانە (ناهۆشدارانە)ش بێت. شیعر خەونێکی بێدارانەیە، یان خەوبینینە لە بێداریدا. مرۆڤ لە خەودا کاری جۆراوجۆر دەکات، وێنە و دیمەنی سەیر و نەگونجاو دەبینێت، کە لە واقیع و ژیاندا وێنەیان نیین. هەروا ڕووداوی سەیر و نائاسایی تووش دەبێت..تاد. ئەمانە بێئاگایانە لە خەودا، ڕوو دەدەن. لە شیعردا، دەشێت (بەئاگایانە) هەندێک کاری هونەری، کە پشت بە (بێئاگایی )(لاوەعی) دەبەستن، بکرێن. واتا شاعیر، (بێئاگایی )خۆی، بە جۆرێکی (بەئاگایانە )و هۆشدارانە، بەکار دەهێنێت و لە فۆرمێکی هونەریی شیعریدا دەری دەبڕێت.

لەم کۆپلە شیعرەی دا ئاگایی ە بێئاگایی لە زمانی شیعریی ئازاد مارفدا دەردەکەوێ.

نیگایەکی دور لێینەدام خۆمی پێبخەڵەتێنم...نەختێ لە زەمەن ورد بکەم

یا بەردێ دابگیرسێنم

بەسەر مەحاڵا سەرکەوم...یا لەنێو قسەیە ڕەقا هەزار تەرمی خۆم دەربێنم

نازانم چۆن زمانێ تر بۆ ڕزگار بوونم دابێنم

بە خۆم بڵێم: گەر ئەو نەبێ هەناسەشم زنجیر ئەکەم

گەر ئەو نەبێ بە تەواوی خۆم پیر ئەکەم

گۆچانێ ناوەخت هەڵئەگرم...مەرگ و ژیان لە بیر ئەکەم

خەیاڵم ئەبەستمەوە...خەونەکانم ئەسرمەوە

ئاشبەتاڵ لە شیعر ئەکەم

لەڕوانگەی (هایدگەرەوە)١، »ماڵ«ی مرۆڤ لەو شوێنەدایە کە بوون ئاشکرا دەبێت؛ نشینگەی مرۆڤ زمانە؛ زمان شوێنێکە کە مرۆڤ دەتوانێت جەوهەری خۆی تێدا بدۆزێتەوە؛ هەر لەم ڕووەوەیە کە هایدگەر دەڵێت: »زمان ماڵی بوونە. مرۆڤ نیشتەجێی ماڵی بوونە. «بەم پێیە، بوونی مرۆڤ، تەنها لەناو زماندا دەرەخسێت و مانای دەبێت. زمان، تەنها کۆمەڵێک وشەی داڕێژراو نییە کە ئاماژە بن بۆ شتگەلێکی ناسراو، بەڵکە بەزمانهێنان وەک جیهانێتیی جیهان دەردەکەوێت.


ڕاگرتنی باڵانس، یان پارسەنگی نێوان ئەو دوو لایەنە لێک جیاواز و تارادەیەک پێک ناکۆکە، لایەنی بێئاگایی و ئاگایی، هەستی و هزری، دەبێتە مەرجێکی گرنگی شیعری. لاسەنگبوونی شیعر، بۆ نموونە بەلای هزردا، چەند ئەو هزرە گرنگ و دروست و مرۆڤدۆستانە بێت، زیان بە شیعر دەگەیەنێت، چونکە شیعر تەنیا هزر نییە و هزر بە بێ تەکنیکی هونەریی شیعر، ناتوانێت بگۆڕدرێت بە شیعر. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر تێکستەکە زیاتر وشەڕیزکردن و کۆمەڵە وێنەیەکی هەستیی ئەبستراکت بێت، دەشێت هەندێک جار لەوڕێنەیەکی پڕ ڕیتم بچێت نەک شیعر، یان وەک کۆمەڵەوشەیەکی ڕیزکراو بنوێنێت، کە جووتبوون و پەیوەندیی نێوانیان هەڕەمەکییانە و بێمەبەست بێت. سەرەنجام ڕەنگە نووسینەکە نە وینە و میتافۆری گونجاو، نە دیمەنێک یان وینەیەکی شیعری پێشان بدات، نە سۆز و هەستێک بجوڵێنێت، نە مەبەستێکیش دەرببڕێت.

شیعر، پێش هەر شتێک زمانە. بەبێ زمان، یان دروستتر بڵێم بەبێ بەکارهێنانی داهێنەرانەی زمان، شاعیر، ناتوانێ باس لە هزر و خەیاڵ وژیان و بوون و دنیای تایبەتی خۆی بکات، بۆیە هیچ تێکستێک لە

بۆ لاپەڕە 13

## داهێنان خوڵقاندنی جوانیەکە لەجوانیەکانی تر نەچێ...

نووسینی: نەجم محەممەد



سەرەتا دەمەوێت بەپێناسەی داهێنان دەست بە بابەتەکەم بکەم لەدیدوبۆچوونی خۆمەوە دیارە مەبەستم داهێنانە لەبواری ئەدەب وهونەردا، پێم وایە داهێنان ڕێکردنە بە تولە ڕێیەکدا کەپێشتر کەس بەوڕێگەیەدا ڕێگەی نەکردبێ و خوڵقاندنی جوانیەکە کەلەجوانیەکانی تر نەچێ. خوڵقاندنی بوونێکە لە نەبوون ودۆزینەوەی گوڵێکی نوێ یە لەباخێکی کۆنی پڕدڕک ودالا. هەڵواسینی چرای ڕووناکیە بەدیواری تاریکیدا. کەشفکردنی حەڵاڵە لەناو حەرامەکاندا و دۆزینەوەی لۆژیک لەناو خورافەدا. دروستکردنی دژە باوە لەناو هەناوی باودا، بەکورتی دەسکاریکردنی ژیانە.

داهێنان کارێکی ئاسان نییە بەڵکوکارێکی قورس وگرانە، پێویستی بە بوێری و ڕچەشکاندن هەیە. پێویستی بەدەسکاریکردنی تابۆ و تێکشکاندنی کۆت و بەندی بیروباوەڕە باوەکانی کۆمەڵگە هەیە. پێویستی بەخەیاڵ فەنتازیا و بیرو ئایدیای لۆژیکی ونوێ هەیە. داهێنان سنووڕولوتکەی نییە. کارێکی دانسقەی بەردەوامە دانانی سنوورو گەیشتن بەلوتکە واتە مەرگی داهێنان. بۆ ئەوەی داهێنان هەبێ پێویستیمان بەئازادییە و لە فەزای ئازادیدا داهێنان زیاتر گەشە دەکات و لەدایک دەبێ. سانسۆر دوژمنی گەورەوسەرەکی داهێنانە و ئایدۆلۆژیاش بکوژی داهێنانە. کەسی داهێنەر پێویستە ئەم خەسڵەتانەی تیادابێت تابتوانێ داهێنان بکات:- بوێری بیرکردنەوەی جیاواز خەیاڵ عەقڵی کراوە.



## ئاگر


چ ئاگرێکی نەکوژاوەیە
شمشێرێ سەرم ئەباو
گرێی مێژو ئاگر ئەدا
گێلێ نازانێ بۆ ئەگرێ؟

خەمێ هیچ حەشار نادا
بێ ئابڕویەك سەماێ ئازادێ ئەگێڕێ،
خانمێك ئەبێتە لێبوك
شەوێك لەبەر ڕوت بونەوەێ ئەودا .

قاقایەك چەپك ئەكا
هیچ بالیفێكیش. تەڕنابێ

سەلام سەعید

## گۆشەی ئەدەب و هونەر



# پەڕ لەوان و ترررر لەمان

**ڕێبوار حەمە شەریف**



پێدەچێ ئێمەو
ئێوە
بوونەوەرێک، نەبین لێرە؟
لە وەتەی ”ئێوە هەن
هەسان ‘ سینەی بۆساتێکیش چۆڵ ناکات، لە خەنجەر و
بیابانیش، بێ لافاوی خوێن،
بیری (مآوا)ی لێ (هەڵ)/ ناچنێ
ئەدی .
بۆچی
من‘ نابینم؟
حوشتر فێری مۆدێنە بێ
درک خۆرەو هەتا ئێستاش
کاوێژە ئەکا!!،

مارول مێلکەی ژێر لمی گەرم
هەتا ماوە !
بۆچی ....
فێری
فڕین نابێت ؟؟.

عەوامێک و هەزاران
سەدەیە،
دێرو دەقێک ،،، بێ، بانٌ وسەربان
سەر زوان و زمان
دەشت و دەری تەنییەوە،
چووە سینەو،
هەزاران “ جار بەرگی گۆڕی
رستەی دەمی (پێنج خەلیفە)”””
شافیع حەنیفە و الوهاب

تا /
بە ئێستای (وهاب و أخوان)ی ،، (حسن والبناە)
شۆڕبوویەوە ،،،

درێژ درێژ،
دیسانەوە قفڵیان لە عەقڵ دایەوە،!

(بابل) وێرانە بوو...
بەن و المعاویەی
شەرە گەرەک و، خێڵ و، سەرە سەرۆک،
کورسی گۆڕا،
دەست بەدەستی (مال الدولە)،
گیرفان، پڕکەر و هەزاران کەنیزەک
تا خولەفای (ئبن الـ نصر)
ئەو باغی داد پەروەریشی گرتەوە .

کۆشک دامەزرا
مەمک و پرچی ژن بوو
بەپێ پلیکانەی دەستی خەلیفەکان و پێیدا سەرەکەوتن،
تا ژووری سوور!
لەوێ ...

حوجرەی مەلای قوم وتاران
وانە زانی فەرەنسەوی،
شەڕی کۆنە قین و
(بنی هاشم و بنی القوریزە)
وەک شێر پەنجە
لەناو جەستەی نەخۆشێکا
سەریهەڵدایەوە،
جەنگ بەرپابوو
بووبە هۆی ...
ماڵوێرانی و
سەر بڕین و
کوێرەوەری

وتمان” سەبرێک،
هەر دەگۆڕێ و
هەر نەگۆڕا

حوشتر ئاسا میز بۆ دواوە !

ئێستە دیسان
لە سەدەی بیست و یەک و
مۆدێرنەدا،
فڕین بۆ سەر ئەستێرەکان
جیهانێکی گلۆبالی،!

سەیرە، کەلەی سەرم
وا خەریکە هەڵئاوسێ و
ئاوس دەبێت،،

لە پەرلەمانی گەمژەو و ناو گەڵ
دەستەو ڕۆشنگێڕی دوو ڕوو
نا نووسەری
جاش قەڵەم وهەلپەرست
مشەخۆری بێ ئابڕوو...!
دەست هەڵەبڕن بۆ یاسا //:ی
(سیغە و مسیار، و چوار ژن)
بۆ پیاوێک کە ببێتە ( ال ـ مودە)!!
گۆڕینەوەی سەر بەشەرو و
ژن کوشتن،
ملهاو دۆلار ڕشتن

دەستوور درا لە (پێ و پێڵاو پڕی ) مامانەوە

بە دەستوری .... (الزواج والحلال)
کچۆڵەی بەر بەیانی پشکوت و خونچە گوڵێ

بێ سینەو مەم
تازە چرۆی وا بەهارێ
کەڵتە پیرەو ناوگەڵ و دەم، بۆ گەن
وا بەنیازە، دەم بنێتە (نۆ)
نۆزەندەیێ ..و شەهوەی ڕقی تێژەنی ...

پیاوی ئازا با بجەنگێ
دەستور دەستوور،،،،،،
لە أبن الجعفرەوە بۆ
بنی الهاشم،،،،
تۆڵەو هەقی جەنگی جەمەل
ئەکەنەوە.

ئێوە ئەی ژن
هۆ ژنانی وڵاتی من
بۆ چیرۆکی کیژۆڵەی نۆ ساڵەی نۆ ژین
چی دەبێژن ؟؟؟؟؟؟

# یەکەی زیرەکی"



خۆشەویستی بووە کرێچی ڕۆح
هەر باڵا دەنوسێ
فەناو فەوتان بەویستە مادیەکان دێنێ و
پرۆسەی پەرستن خۆش دەکا،
ئاسوودەترین نیشتنەوە
سافی و سادەیی و مەقامی صۆفیانەیە،
نوێترین ڕێگای مەعریفە ناسی
هەڵبژاردنی خوودە
بەلاڕێ بردنی عەقڵە
لەناو ئەو ئەفسانانەی دەورت
تۆ لەهیچیان نەچیت،
وەکو نێرک
لەپێناوی جوانناسیدا بگەڕێیت و
لەمەودای نەریتی باو دەرچیت ،
حەقیقەت مەلەوانێکی نەفەس درێژە
لەلێوارەکانی بیرکردنەوەدا دەخنکێت ,
گرانترین ماچی جیهانت بیستوە!
برۆ ڕۆمانی "خاکی زێکۆڵا" بخوێنەوە
ڕاستە مرۆڤ مەحکومە بەخۆشەویستی
بەڵام بەجەنگەوە،
ڕەنگەی چوار لاپەڕەی دڕاو
سەرداوی پرچێژترین ڕۆمانی دونیا بێت،
قەت مامەڵەت بە (یەکەی زیرەکی) کردووە؟!
لەبری رزگاری بێ بەرانبەر جەنگاوی؟
هەرکاتێ بووی بەتۆپ تێدەگەی
تەنها لەناو جامخانەو
ئەوکاتەی بوویە (هاتریک)
تۆپشوو ئەدەی!
بەرد لەجێی خۆی سەنگین نی یە
لەهزری ئەو پەیکەر تاشەدایە
دەیکا بەپێناسەیەک بۆ ئازادی،
کەشناسی دەقێکی مردوە
لەناو بێ بارانیدا
کەس نایخوێنێتەوە،
وەک من و تۆ
گەر نێوانێکی تر
لەعەردو ئاسمان دورتر هەبوایە
دەمگوت هێشا تۆ دورتریت،
چیبکەین لەخەیاڵ
یەخەی گرتووم و دەڵێ؛
تۆ دەوڵەمەندترین پیاوی دونیای
لەگەمژەیی دا.......

ڕووزار ئەحمەد



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی چواردەهەم**

**ئینتەرناسیۆناڵ: بەدرێژایی ئەم باسە دەستەواژەی دیموکراتیتان لە لایەک بە بەراورد لەگەڵ ئازادیدا بە تێڕوانینی سۆسیالیستییانە و لە لایەکی تریشەوە لە پەیوەند بە ڕاستییە عەمەلییەکانی ڕژێم و کۆمەڵگە دیموکراتییەکان دایە بەر ڕەخنە و خستتانە لاوە. لە پەیوەند بە ئێرانەوە ئەگەری هاتنەسەرکاری ڕژێمێکی دیموکراتیتان کەمێک هەڵسەنگاند. بە گوێرەی ئەم قسانە، ئایا بەڕای ئێوە قۆناغێک لە نێوان ئیستیبدادی بێپەردەی بۆرژوازی و ئازادیی سۆسیالیستی لە ئێراندا تەسەور ناکرێت؟ ئایا خودی بەدیهاتنی مافە فەردی و مەدەنییەکان دەبێتە یەکێک لە ئەرکەکانی شۆڕشی کرێکاری؟ ئایا بەدیهاتنی ئەم مافانە خۆی پێشمەرجێکی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری نییە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** لە وەڵامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتدا دەڵێم، کە قۆناغی لەو جۆرە نەک هەر قابیلی تەسەورە، بەڵکوو لە ڕەوتی مێژووی دیاریکراوی ئێراندا چەندین جار ڕوویان داوە و ڕووش دەدەن. مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئایا ڕەتکردنەوەی ئیستیبدادی بێ پەردەی بۆرژوازی لە وڵاتێکی وەک ئێراندا شتێکی عەمەلییە یان نا، بەڵکوو ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک بار و دۆخێکی ئاوا دەتوانێت فۆرمێکی حوکوومەتیی ئۆرگانیک و پایەداری سەرمایەداری و دەسەڵاتی بۆرژوازی لە وڵاتدا بێت. سەبارەت بەم مەسەلەیە لە ماوەی ١٤-١٥ ساڵی پێشوودا زۆرمان نووسیوە. جیاوازی هەیە لە نێوان ئازادییەکی سیاسیی دوولایەنە و سەپێنراو کە بەرهەمی هاوسەنگیی هێز و قوناغێکی مێژوویی دیاریکراوە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە وڵاتێکدا بەردەوام دەبێت، لەگەڵ ئەو سەرخانە سیاسییە بۆرژوا-دیموکراتیکەی کە لەگەڵ کارکردی ئاسایی سەرمایەداریی ئێراندا هاویەک و گونجاو بێت. یەکەمیان واقیعییە هەر ڕوو دەدات و دووەمیشیان خۆشخەیاڵی و فریودانی ئەنقەستانەیە. ئەمە مەسەلەیەکی ئەکادیمییانە نییە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و گیانی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکانەوە هەیە. بێگومان لەم قۆناغە "دیموکراتی"یانە لە ژیانی هەر ئەم نەوەیەی چینی کرێکاری ئێران دێتە پێشەوە. لە قۆناغێکی ئاوادا دیاریکردنی ئەم ڕاستییە بۆ چینی کرێکار مەسەلەیەکی چارەنووسسازە. ئەو چینی کرێکارەی کە ئاوەڵاییەکان و مافە بەدەستهاتووەکان بە بەرهەمی ململانێ و هاوسەنگیی هێزی سیاسیی کاتی نێو کۆمەڵگە سەیر بکات و سیفەتی کاتیبوون و بەردەوام نەبوونی بار و دۆخەکە بناسێت، لە میکانیزمی پاڕاستنی ئەوەی کە بەدەست هاتووە و هەروەها پەرەپێدان و واوەتر ڕۆیشتن لێی و دینامیزمی وەرچەرخانی شۆڕشگێرانە و کۆنەپەرستانەی ئەم بار و دۆخەش تێ دەگات، لەو هەڵسوکەوتە سیاسیی بۆرژواییانە و ئەو کودەتا و پیلانگێڕی و شەڕە ناوخۆییانەی کە بۆرژوازی لەم بار و دۆخەدا خۆی بۆ ئامادە دەکات تێ دەگات، نرخی هەر ساتێک لە بەردەوامیی هەلومەرجی ئازادیی ڕێژەیی بۆ بەدەستهێنانی ئامادەیی پێویست بۆ شەڕە سیاسییە جیددیترەکان لە داهاتوودا دەزانێت و لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا دەمێنێتەوە. لەبەرامبەردا چینی کرێکار لەو ڕۆژەوە کە پێی وابێت بەڵێ دیموکراسی هاتۆتە دی و ئێران چۆتە ڕیزی وڵاتە "شارستانی"یە سەرمایەدارییەکانەوە، پێویستە خۆی بۆ یەک دوو ساڵ زێدەکاری و سکهەڵگوشین لە پێناوی شانازی بە دیموکراتییەوە و هەر لە ساڵی سێیەمیشەوە خۆی بۆ ژمارەیەکی زۆر زیندانی و ئیعدام ئامادە بکات.

بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەم و سێیەمی پرسیارەکەت، بەدیهاتنی مافە کۆمەڵایەتی و فەردییەکانی مرۆڤ و بە مانای ڕاستەقینە و قووڵی وشەکە و پاڕاستنیان، بێگومان تەنها بە شۆڕشێکی کۆمۆنیستیی کرێکاری دەکرێت. مرۆڤی سەدەی بیستەم ئەوپەڕی سنووری پەرەسەندنی ئازادی لە سایەی نیزامی سەرمایەداریدا تاقی کردۆتەوە. هەرچی هەیە هەر ئەمەیە کە دەیبینین. بڕیار نییە موعجیزەیەکی تازە ڕوو بدات. ئەگەر لەم بارەیەوە قسەیەک هەبێت کە شایانی وتن بێت ئەوەیە، کە بە ڕاستی ماوەیەکە ڕەوتی گەڕانەدواوەی تێڕوانینی گشتیی خەڵک لە ئازادی و پێودانگە حوقووقییەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی دەستی پێ کردووە. بەڵام هەر وەک وتم، نەفی ئیستیبدادی بۆرژوایی لەڕووی عەمەلییەوە، گۆجکردنی توانای سەرکوتگەرانەی دەوڵەتەکان و حیزبە بۆرژواییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و سەپاندنی هەلومەرجێک کە تیایدا زەوتکردنی ئازادیی دوولایەنەی خەڵک بە نیسبەت چینی دەسەڵاتدارەوە بۆ ماوەیەک یەکجار قورس بێت، نەک هەر شتێکی عەمەلییە بەڵکوو تەوەرێکی تاکتیکەکانیشمانە. ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، چەکدارکردنی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتێکش و پاڕاستنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵک نەک هەر لە تواناداییە، بەڵکوو چارەنووسسازیشە. بەڵام هێنانەسەرکاری نیزامێکی پەرلەمانی لە تاراندا، کە لەوە بەدواوە هەموو بۆرژواکان بەپێی بڕیارنامەکانی یاری بکەن و قسەی خۆیانی تێدا بکەن و بیری بەدەستەوەگرتنی ملهوڕانەی دەسەڵات و قەدەغەکردنی حیزب و دامەزراوە کرێکارییەکان و سەربڕینی ئازادییە بەدەستهاتووەکانی خەڵک لە مێشکیاندا دەربکەن، تەنها خۆشخەیاڵییە. هەڵپێچانی ئیستیبداد و بەرقەرارکردنی ئازادییە مەدەنییەکان پێشمەرجێکی سیاسییە بۆ کۆکردنەوەی هێز و تواناییەکی ئەوتۆ کە لێدانی دوایین گورزی چینی کرێکار لە نیزامی سەرمایەداری ئاسان بکات. بەڵام گشت باسەکەی ئێمە لەم ساڵانەدا ئەوە بوو کە پێویستە چینی کرێکار بەهێزی خۆی و لە ڕووبەڕووبوونەوەدا و لەگەڵ بەرهەڵستیی توندی بۆرژوایدا ئەم پێشمەرجە دابین بکات.

**ئینتەرناسیۆناڵ: ئایا کۆمەڵە ڕەخنەیەک کە بەدرێژایی ئەم باسە لە پەرلەمان و پەرلەمانتاریزم گیرا، لەڕووی مەبدەئییەوە ئێوە دەگەیەنێتە هەڵوێستی بایکۆتی یەکجاریی پەرلەمان و خەباتی پەرلەمانی؟ ئایا بەڕای ئێوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێت هەر لەپێشەوە مەسەلەی بەشداری لە هەر جۆرە پەرلەمان و هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی لە ئێراندا بە تەواوەتی ڕەت بکاتەوە؟ ئایا دەکرێت هەلومەرجێک بهێنرێتە بەرچاو، حیزب لە هەڵبژاردن و تەنانەت لە دەوڵەتێکی پەرلەمانیشدا بەشداری بکات؟**

**مەنسوور حیکمەت:** مەسەلەی مەبدەئی لە زەمینەی هەڵوێستی حیزبی کرێکاری لەبەرامبەر پەرلەمان و ڕژێمی پەرلەمانیدا لای من ئەوەیە، کە ئەم دامەزراو و ئەم ڕژێمە سیاسییە ناتوانێت ئامراز و هۆکارێک بێت بۆ سەرکەوتنی سۆسیالیزم. سۆسیالیزم لە ڕێگای پەرلەمانەوە بە سەرکەوتن ناگات، بەڵکوو بە پێچەوانەوە پەرلەمان بە هەر ڕادەیەک دیموکراسی بێت و ڕواڵەتیش نەبێت، وەک سەنگەرێکی بەرهەڵستیی بۆرژوازی لە بەرامبەریدا دەوەستێتەوە. من لەڕووی مەبدەئییەوە بایکۆتکردنی پەرلەمان تەرح ناکەم، بەڵکوو باس لە لاوەکیبوونی لە تاکتیکی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی چینی کرێکاری سۆسیالیستدا دەکەم. ئەبێت ئەوەش بڵێم، کە هەڵوێستی من بەرامبەر پەرلەمان، تەنانەت لە وڵاتانی چەشنی بەریتانیا و فەرەنسادا لەچاو تێگەیشتنی گشتیی چەپی شۆڕشگێڕ، یان حیزبە ڕادیکاڵە کرێکارییەکان لەم وڵاتەدا، زیاتر لە بایکۆتەوە نزیکە. بە بۆچوونی من بەنیسبەت کرێکارەوە، پەرلەمان مەیدانێکی ململانێ و بەرەیەکی خەباتە، نەک دەروازەیەک بۆ دەسەڵات گرتنەدەست.

لەڕووی عەمەلییەوە مەسەلەی بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و ئەم جۆرە شتانەدا، بە تەواوی پەیوەندە بە کات و شوێنەوە. من خۆم ڕام وایە، کە کۆمۆنیزم لە ئەورووپا لە ڕادەبەدەر سەرقاڵی پەرلەمان و خەباتی پەرلەمانییە. لە ئەمەریکای ئەمڕۆدا، بە ڕای من، بایکۆتکردنی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان و هەڵبژاردنەکانی سەرەککۆمار وەک پرانسیپێک، کە تەنها بۆ هەندێ هەلومەرجی تایبەتی دروست نییە، تاکتیکێکی مەبدەئیترە بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری. لەبەشی زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوودا و بەتایبەتی لە ئێران و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە تیایدا پەرلەمان یان دیکۆرێکە وەیان بەفەرمی و بەکردەوە چوونەناوەوەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک بۆ ناویان مومکین نییە، بەڕای من لەڕووی مەبدەئییەوە دەبێ بایکۆت بکرێت.

بە ڕای من، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێویستە هەمیشە و لەدرێژەی هەمان ئەو مەسەلانەدا کە لەم باسانەدا هاتنەگۆڕ، پەردە لەڕووی پەرلەمان و پەرلەمانتاریزم هەڵماڵێت. بەڵام لەڕووی تاکتیکییەوە هەڵسووڕانی ئینتیخاباتی و پەرلەمانیی حیزب هەرگیز ڕەت ناکەمەوە. سەرەنجام بە ڕای من، ئەوە بە تەواوی لەسەر خودی حیزب ڕادەوەستێ، کە لە هەر بارێکدا زەروورەتی بەشداری لە پەرلەماندا، لەسەر بنەمای لێکدانەوەی جێگاوڕێگای سیاسی و بەرژەوەندیی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار بخاتە ڕوو. بێگومان دەکرێت هەر لەپێشەوە کۆمەڵە پایە و پرانسیپێک وەک پێشمەرجەکانی ئوسوولیبوونی بەشداری حیزب لە پرۆسەی پەرلەمانیدا دیاری بکرێت. بەڵام لە دواشیکردنەوەدا، ئەوەی کە وەڵامی ئەم مەسەلەیە دەداتەوە، لێکدانەوەی تایبەتیی حیزبە سەبارەت بە جێگاوڕێگای مێژوویی-دیاریکراوی هەر قۆناغێک.

درێژەی دەبێت...



## سامان کەریم: خواستی خەڵکی غەزەو خۆپیشاندەرانی دونیاو زۆربەی زۆری ئیسرائیلیەکان ئەوەیە کە جەنگ بوەستێت و ئاشتی بەرقەراربێت. ئاگربەستەکە ئەرێنیە، ئەگەرچی حکومەتی نەتەنیاهۆ تا ئێستا هەر بەردەوامە لە کوشتنی بەکۆمەڵ...

### دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ سامان کەریم...سەبارەت "ئاگر بەستی نێوان ئیسرائیل و حەماس و ئایندەی پرسی فەلەستین"

**بۆپێشەوە: دوای پانزە مانگ لە جەنگ، سەرئەنجام دەوڵەتی ئیسرائیل و حەماس لە سەر ئاگربەستێکی کاتی ڕیکەوتن، چۆن دەڕوانە ئەم ئاگر بەستە؟**

**سامان کەریم:** وەک ئینسانێک بیر بکەینەوە لە غەزەدا خاوەن خێزانو منداڵین، برسیمانە ولەژێر خۆڵوخاشی باڵەخانەکاندا دەژین، لە سایەی بۆمبارانی بەردەوامی ئیسرائیلدا، هەوڵدەدەین قەراخە کولێرەیەک بۆ منداڵەکانمان پەیدا بکەین، یان لێوردبینەوەو وابزنین لە ژێر باڵەخانەیەکی ڕووخاودا دەژین و بۆنی جەستەی بەجێماو ناچارمان دەکات خۆمان لە دوژمن ئاشکرا بکەین و بگوێزینەوە بۆ کاولەیەکی تر، یان گوێبگرین لە ئاهوهاواری دەیان دایک کە بەدوای ڕۆڵەکانیاندا وێڵن و نازانن کوژراون یا بریندارن یا فڕێندراون وبوونەتە بارمتە. بەپێی ئامارە فەرمیەکان تائێستا زیاتر لە دەهەزار جەستە کەوتۆتە ژێر خۆڵۆخاشەوە و بوار نەبووە دەربهێنرێن و دوو هەزاریان بە شێوەیەک جەستەیان شێواوە کە بۆتە هۆی ئەوەی شوناسیان دیارنەماوەو ناناسرێنەوە. سەرنج بدەین لە کەرتی غەزە ١،٩٠٠ ملیۆن ئینسان ئاوارەبوون لە کۆی ٢،٣ ملیۆن، وە لە ٩٢٪ خانوو و باڵەخانەکان کاوڵ بوونو بەپێی گریمانەیەک نزیک بە ٥٠ ملیۆن تۆن خۆڵوخاشاک لە نێو شارەکاندایە، نزیک بە ٥٠ هەزار ئینسان کوژراون و بریندار ژمارەیەکی شۆکهێنەرترە!!.

بۆیە وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە، ئاگربەستەکە ئەرێنیە، هەرلایەک دۆڕاوە یان براوەیە، پولێکی قەڵب ناهێنێت بۆ خەڵکی غەزە، وەتەنانەت بۆ ئیسرائیلیەکانیش کە ماوەیەکی زۆرە لەسەر شەقامن و داوای ئاشتی و ئازادبوونی بارمتەکانیان دەکەن. بابەتەکە وەستانی جەنگە، تەنانەت ئەگەر کاتیش بێت هەر جێگەی پێشوازییە. دیارە خواستی خەڵکی غەزەو خۆپیشاندەرانی دونیاو زۆربەی زۆری ئیسرائیلیەکان ئەوەیە کە جەنگ بوەستێت و ئاشتی بەرقەراربێت. ئاگربەستەکە ئەرێنیە، ئەگەرچی حکومەتی نەتەنیاهۆ تا ئێستا هەر بەردەوامە لە کوشتنی بەکۆمەڵ.

**کێشەو ململانێی سەرەکی ئەم سەردەمە، ئەگەر ڕووداوەکان بەرچاومان نەگرن، دژایەتی وململانێەکی قوڵ و هەمەلایەنەی چینایەتی نێوان چینی بورژوازی وچینی پرۆلیتاریایە، بەڵام ئەم ململانێو دژایەتیە لە ئێستادا وەك ئەوە وایە سەرخەوێك بشكێنیت و داپۆشراوە...**

**بۆپێشەوە: هۆکارەکانی گەیشتنی هەر دوو لا بە ئاگربەست چین و تاچەندە ئەگەری سەرکەوتن و بەردەوام بوونی هەیە؟**

**سامان کەریم:** سەرەتا پێویستە ئاماژەیەک بەوە بکەم، کە ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ئەم سەردەمە، واتە ئەوانەی هەرئێستا ڕوودەدەن، وەک جەنگ لە غەزەو ئاگربەست، دیاردەو ڕووداوێکی کاتین، واتە مەرج نییە تا سەر ئاگربەستەکە بەردەوام بێت، یان مەرج نییە دەوڵەتەکەی جۆلانی لە سوریادا بمێنێت، هەموو ئاڵوگۆڕەکانی دیکەش لە ئاستی جیهاندا لەم سەردەمەدا بەم شێوەیە. بۆچی دیاردەکان و ئەم ڕووداوانە کاتین؟! سیستەمی سەرمایەداری لەم قۆناغەدا، کێشە وململانێکانی بەتەواوی جهانییەو هیج مۆرکێکی نەتەوەیی و نیشمانی پێونەماوەو پێوە نییە.کێشەو ململانێی سەرەکی ئەم سەردەمە، ئەگەر ڕووداوەکان بەرچاومان نەگرن، دژایەتی وململانێەکی قوڵ و هەمەلایەنەی چینایەتی نێوان چینی بورژوازی وچینی پرۆلیتاریایە، بەڵام ئەم ململانێو دژایەتیە لە ئێستادا وەک ئەوە وایە سەرخەوێک بشکێنیت و داپۆشراوە. لە لایەکی ترەوە گەورەترین ئالوگۆڕ و کێبەرکێ و جەنگی ئابوری لە نێو خێزانی گەورەی بورژوازیدا دەبینین، لە نێوان چین و ئەمریکا فراوانترین و توندترین ململانێی ئابوری و فرە ئاڕاستەی سیاسیو میدیایو دیبلوماسی دەبینین. ئەم ململانێ بابەتیە گەورەترین کێشەی ناوخۆی خودی سیستەمی سەرمایەداری دونیای ئەمرۆیە. هەموو کێشەکانی دیکەی نێو خۆی خیزانی بورژوازی جیهانی سەرەڕای ئاڕاستەو بزووتنەوە جیاوازەکانی بەناچار وەک بابەتی مێژووکردی ئەم سەردەمە لە چوارچێوەی ئەو کێشەو ململانێیەدا هەم ڕوودەدەن و هەم بەئەنجامدەگەن، بە قازانجی لایەکیان، یان بەجۆرێک هەڵدەسپێرێن.

**ململانێ لەگەڵ ئێرانی تازەدا، واتە دوای بڕینەوەی دەستوو پێکانی لە ناوچەکەدا، دەچێتە ئاستی هێواشتر و لەسەرخۆتر، دیاردەیەك وەك ئاگربەستی كاتی و لەگەڵیدا فشاری ئابوری و دیبلوماسی. هۆكارەكەشی ئەوەیە بۆ ئەمریكا كە دەرگیرە لەگەڵ قوڵترینو فراوانترین ئەزمەی ئابوریدا، بابەتە سەرەكی ئەوەیە ئیتر ناتوانێت بە جەنگی لابەلاوە دەرگیر بێت...**

بەم پێیە، وادەبینم کە ئاگربەستی نێوان حەماسو ئیسرائیلیەکان لەم چوارچێوەیەدا پێویستە لێکبدرێتەوە، چۆن؟ بابەتە سەرەکیەکە ئەوەیە باڵادەستی سەرمایەداری ئەمریکا، واتە سەرجەم کەرتو ئاڕاستە سەرەکیەکانی سەرمایە لە ئەمریکا وەک: پیشەسازییەکانی تەکنۆلۆژیای ژیری دەستکرد، ڕۆبۆتزەیشن، تەکنۆلۆژیای ئینفۆرمەیشنو سۆشیال میدیا، وزە بەهەردوو ئاڕاستە کۆنو تازەکانیەوە وهەروەها پیشەشازی چەکسازی... هەموو هاودەنگن بەرانبەر سەرمایەی چینی بوەستنەوە و سنورێک بۆ سەرمایەی چینی و وەبەرهێنانەکانی دابینین لە ئاستی جیهانیدا، واتە بەجۆرێک لە قاڵبی بدەن و بچووکی بکەنەوەو ئەگەر پێیان بکرێت لە چوارچیوەی کێبەرکیی ئەمریکا دەریکێشن. سەرمایە وسەرمایەدارن پێویستیان بەهێزە و هێزیش هەیەو دەوڵەوتو دەسەڵاتی ئەمریکا، دەسەڵاتی خۆیانە. بەتایبەت ئێستا ترامب دەسەڵاتدارەو ژمارەیەکی زۆری ملیاردێرەکان وەزیرن، سەرنج بدەن لە وتەی وەزیری بەرگری تازەی ئەمریکا هەگسەس کە ٢٥،١ دەنگی یاسایی خواردوو ڕایگەیاند: "زەوینەی دوورخستنەوەی هەڕەشەکان لە ڕێگەی بەرگریکردن لە نیشتمان لە زەوی و ئاسمانەوە بەدەستدەهێنین؛ کار لەگەڵ هاوپەیمان و هاوبەشەکانمان بۆ کەمکردنەوەی شەڕانگێزییەکان لە ناوچەکانی دەوروبەری زەریای هێمن لەلایەن چینی کۆمۆنیستەوە دەکەین، پشتگیریی کارە لەپێشینەکانی سەرۆک بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکان دەکەین. پاڵپشتی لە هاوپەیمانەکانمان دەکەین و دەبێت دووژمنەکانیشمان ئاگادار بن. "( ڕووداو/کوردی/ ٢٥،١،٢٠٢٥/ تەئکید هی منە). هەر ئەم هۆیە بوو واتە هۆی یەکبوونی ئاڕاستەکانی سەرمایە لە دژی سەرمایەی چینی و ئەوانی دیکەدا، کە بایدنو ترامبی یەکدەست کرد لە بەرانبەر ئاگربەستت غەزەدا، واتە ئیدارەی کۆنو تازەی بورژوازی ئەمریکی یەکدەست کرد بەرانبەر بەم ئاگربەستەو هەروەها ڕووداوەکانی سوریا وهەڵبژاردنی سەرۆکو سەرۆک وەزیران لە لوبنان...لەم نێوەدا مەسەلەی سەرەکیان ئەوەیە ئەگەر کێشەکان چارەسەریش نەکرێن، ئەوا بۆ ماوەیەک، سالێک یان چەند سالێک ئارامیەکی ڕێژەیی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێت بەهۆی ئیسرائیلەوە ئارامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بپارێزێت، خۆی زیاتر وە زۆر زیاتر دەرگیر بکات لەگەڵ سەرمایەی چینی و دەسەڵاتەکەی. پێم وایە مەسەلەی سەرەکی ئاگربەستەکە لە بناغەترین ئاستدا ئەم پایە بابەتیەی هەیە، دیارە بەرژەوەندی گەورەی ئابوریشی بەدواوەیە لە ناوچەکەدا، کە ئارامیو ئاسایشێک کە ئەمریکا دەخوازێت لە بناغەوە ئابورییەو پەیوەستە بە ستراتیژی دژی چینەوە. ڕۆشنە چەند هۆکارێکی دیکە هەبوون، لەوانە ڕیسوابوونی زیاتری ئایدۆلۆژی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و یاسا نیودەوڵەتیەکان، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بەرگری بێونەی هێزەکانی حەماس لەبەرانبەر زیاتر لە ١٥ مانگ سوپای بەهێزی ئیسرائیلدا کاریگەری خۆی هەبووە. هێزێک ئێستا دوای ئاگربەستو گۆڕینەوەی بارمتەکان دەبینین کە تواناکانیان هێشتا زۆری ماوە وزۆر دورە لەوەی کە تێکشکابن، سەرەڕای کاولبونی غەزە. بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ کاریگەری خۆپیشانداکان دەبینین.

**بۆپێشەوە: لە جەنگی ١٥ مانگی رابردودا، ئەمریکاو غەرب لە پشتی دەوڵەتی ئیسرائیل بوون، لە بەرامبەریشدا بە پلەی یەکەم ئیران و هیزە نیابەتیەکانی لە پشتی حەماس بوون، پرسیار ئەوەیە ئەم ئاگربەستە چ کاریگەرییەکی لەسەر ململانێی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئیران دەبێت؟**

**سامان کەریم:** ئایا لەڕووی بابەتیەوە ململانێی نێوان ئەمریکاو ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا ئەو بەهایەی هەیە؟ من پێم وانیە، دەزانم کێشەو ململانێکە بابەتیەو هەیە، بەڵام بابیهێنینە پێش چاو وەک

گریمانەیەک دابنێین، کە ئێران سوکانی ڕێگاکەی گۆڕیو هاتە پاڵ ئەمریکا، ئەوکاتە کۆی ئالوگۆڕو ململانێکان دەگۆڕێن و ئەو ململانێیە بەوشێوەیەی ئێستا نامێنێت. ئەگەر چی دوای ڕیکەوتنی سراتیژی نێوان ئێران و ڕوسیا لە ١٧,١,٢٠٢٥دا ئەو سوکان گۆڕینەی ئێران زیاتر سەخت بووە و ناواقعی تر دێتە پێش چاو. بۆ ئێران پێشتر هەردوو ڕێگاکە تاڕادەیەک کراوە بوو، واتە بەرەو ئەمریکاو ورۆژئاوا یان بەرەو چینو ڕوسیا، و دواکەوتنی واژووکردنی ڕێکەوتنی ستراتیژی لەگەل ڕوسیا هۆکەی هەرئەوەبوو کە پزیشکیان و خەتی ڕیفۆرمی نێوخۆی دەسەلاتداری سەرمایەداری ئێران پێیان وابوو کە ئەو ڕێگایەش تا ڕادەیەک کراوەیە، بۆیە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئەوروپیو قەتەرییەکانەوە هەوڵیانداو، هەروەها ڕاستەوخۆ خۆیان کۆبونەوەیان هەبووە لەگەڵ ئەمریکیەکان، لەم نێوەدا و لەنێو ئەو باڵەدا جەواد زەریفی زیاتر لەهەمووان مکوڕ بووە لەسەر ئەو ئاڕاستەیە، بەڵام فەشەلیان هێناو خواستی ئەمریکا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئێراندا زۆر گەورەترو فراوانتر بووە لە پێشنیازەکانی حکومەتی پزیشکیان. ڕۆشنە لە نێوانیاندا بێ باوەرییەکی زۆر فراوان هەیە.

ململانێ لەگەڵ ئێرانی تازەدا، واتە دوای بڕینەوەی دەستوو پێکانی لە ناوچەکەدا، دەچێتە ئاستی هێواشتر و لەسەرخۆتر، دیاردەیەک وەک ئاگربەستی کاتی و لەگەڵیدا فشاری ئابوری و دیبلوماسی. هۆکارەکەشی ئەوەیە بۆ ئەمریکا کە دەرگیرە لەگەڵ قوڵترینو فراوانترین ئەزمەی ئابوریدا، بابەتە سەرەکی ئەوەیە ئیتر ناتوانێت بە جەنگی لابەلاوە دەرگیر بێت، بەڵکو دەبێت بچێتە ململانێ گەورەکەوە لەگەڵ چینداو تەواو یان زۆربەی هێزو تواناکانی لە ململانێی هەمەلایەنەی سیاسیو ئابوریو سەربازیدا دژ بەو بەکاربهێنێت وتەرخانی بکات. کاتێک ئەم جەنگە-ململانێیە- بەهەر بارێکدا بڕاوەیە ئەوکات کۆی ئەو کێشەو ململانێیایە بەشێوەیەکی دیکە چارەسەر دەرکرێن. واتە ئەمریکا چی دیکە ناتوانێت سەنگەر بەسەنگەر بیگرێت یان بیگرێتەوە بۆ ئەوەی کۆی جەنگەکە بەرێتەوە، بەڵکو دەبێت ڕاستەوخۆ پەلاماری پایتەخت یان "کارگەی جیهان" بدات کە سەرمایەی چینە، هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان بە وتەی وەزیری بەرگری ئەمریکا کرد. پاشان بوونی ئێرانێکی ئیسلامی بێ لقوپەل وئێرانێک کە چنگی ئەتۆمی نەبێت، بەسوودە بۆ ئیسڕائیل و ئەمریکاش و جۆرێک لە هاوسەنگی ئایدۆلۆژی وململانێی تایفی نێوان سوننەو شیعە دابیندەکات لە ناوچەکەدا.

ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ ئیسرائیل، لەگەل ئاگربەستەکەدا بن غەفیر و دوو وەزیری دیکەی حزبەکەی"ئۆتسما یەهودیت/ هیزی یەهودییەکان" هاتنە دەرەوە لە حکومەت و بەم پێیە حکومەتەکەی نەتەنیاهۆ لەنگی تێکەوتوەو هەروەها سمورتیتش وەزیری داراییو سەرۆکی حزبی" سەهیۆنی دینی قەومی" و وەزیرەکانی ڕایانگەیاندووە ئەگەر دوای گۆڕینەوەی بارمتەکان شەڕ دەست پێنەکاتەوە ئەوا ئەوانیش لە حکومەت دەکشێنەوەو بەم پێیە حکومەتەکەی نەتەنیاهۆ دەڕوخێت یان بەجۆرێک ئارایشتی دەدەنەوە کە بگونجێت لەگەڵ ئەو ئاڕاستەیەدا، لێرەدا مەبەست لە کەسایەتی نەتەنیاهۆ نییە، بەڵکو ئاڕاستەی سیاسی حکومەتەکەی.. پێموایە حکومەتی نەتەنیاهۆ ناتوانێت یان کارا نیە لەگەل سیاسەت و سراتیژی ئەمریکا لەم قۆناغەدا، و بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەم حکومەتە نامێنیت بەتایبەت بۆ ڕێکەوتن لەگەل سعودیەش پێویستیان بەوە هەیە حکومەتێکی تازە بێت و هەروەها لایەنی کەم لای ڕۆژئاواو دامودەزگاکانیەوە تاوانبار نەبێت بە فاشیزمو نازیزمو تاوانبارانی جەنگ باڵادەست نەبن. ئەمریکا حکومەتێکی پێویستە کە بتوانێت ڕێکەوتنی پێبکات لەگەڵ سعودیە و دواتر قەتەر ولاتانی دیکەی ناوچەکەو هەروەها ئاستێک لە ئارامیو ئاسایش بۆ فەڵەستینیەکان دەستەبەر بکاتو وڵاتە ڕۆژئاواییە نارازییەکانی دژ بە حکومەتەکەی نەتەنیاهۆ بێدەنگ بکات، لەهەمانکاتدا ئەو ئاڕاستە توندە جەنگیەی دژ بە ئێران بڕێک هێور بکاتەوە.

حکومەتی نەتەنیاهۆ ناتوانێت یان کارا نیە لەگەڵ سیاسەت و سراتیژی ئەمریکا لەم قۆناغەدا، و بەشێوەیەك لە شێوەكان ئەم حكومەتە نامێنیت بەتایبەت بۆ ڕێكەوتن لەگەڵ سعودیەش پێویستیان بەوە هەیە حكومەتێكی تازە بێت و هەروەها لایەنی كەم لای ڕۆژئاواو دامودەزگاكانیەوە تاوانبار نەبێت بە فاشیزمو نازیزمو تاوانبارانی جەنگ باڵادەست نەبن...

بەشێوەیەکی گشتی فشارە ئابوریو دیبلوماسیەکان لەسەر ئێران توند و فراوان دەبن، جار بەجار هەڕەشەی شەڕ دەبیستین، بەڵام ئاڕاستەی کێشەکان بەرەو هێوربوونەوە و جۆرێک لە هەڵپەساردنی کاتی هەنگاو دەنێت.

**بۆپێشەوە: لە ماوەی جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماسدا، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ئاستی دنیادا بە دژی جەنگ و بەتایبەت دژی کوشتاری بێ وێنەی خەڵکی سڤیل لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، ئامادەیی هەبوو، ئەم بزوتنەوەیە چ کاریگەریەکی لەسەر جەنگ بەگشتی و ئیسرائیل بەتایبەتی هەبوو؟**

**سامان کەریم:** ئەم نارەزایەتیانە لە ئاستی جیهاندا تاڕادەیەک فراوانو گەورەبوون، من وەک هۆکارێکی کاریگەر نایبینم بۆ ئاگربەستو وەستانی جەنگ، بەڵام ئەم نارەزایەتیانە بوونە هۆی زیاتر لەگۆڕنانی ئەو چەمکە درۆزنو ئایدۆلۆژیانەی کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا خۆیانیان پێوە بادەدا، چەمکەکانی وەک: ئازادی بیرورا، یەکسانی یاسایی، یاسا نێو نەتەوەییەکان، دادوەری جیهانی، مافی مرۆڤ، دیموکراسی"ئەوانە و چەندینی تریش چونە گۆڕستانەوە ولەمبارەوە نارەزایەتیەکان ڕۆلیان هەبوو.

ئیسرائیل وەک سەنتەری دیموکراسی ڕۆژئاوایو ئەمریکی لە ناوچەکەدا، خۆشی و دیموکراسیەکەشی ڕیسواکرد و لەگۆڕینا. ئەم بابەتە گرینگیەکی بەرچاوی هەیە، لە ئاستی ڕەئی گشتی جیهاندا. دیموکراسی بزووتنەوەو دەسەڵاتو شێوەیەکی حوکمرانی سەرتاپا بورژوازییە و هەمان دیکتاتۆری چینایەتی بورژوازییە..... بەڕۆشنی ئەوە بۆ خەڵک دەرکەوت کە دەسەڵاتی بورژوازی ئیسڕائیل و دیموکراسیەکەی لە وەی هتلەر خراپتر نەبێت باشتر نیە. بۆ خەڵک و ڕەئی گشتی دەرکەوت کە دیموکراسی مانای کوشتی نزیک پەنجا هەزار کەسە کە زۆربەیان منداڵو پیرەساڵن، دەرکەوت کە مۆدرێنیزمی ئەمریکیو ڕۆژئاوایی کاولکردنی هەزارەها خاونوو باڵەخانەو ڕووخانیەتی بەسەر سەری منداڵانو پیرساڵانوو کەمئەندامانداا... دەرکەوت کە دیموکراسی مانای برسیکردنی دوو ملیۆن ئینسانە کە زۆربەی هەرەزۆریان هیچ دەسەلاتێکیان نەبووە وە نیە لە هەڵگیرساندنی جەنگەکەدا.... دەرکەوت کە تاوانەکانی ئەوانەی ئەمریکا پێیان دەڵی" دیکتاتۆر" کە دیکتاتۆرنو لە دژیان دەوەستێت چونکە لەگەڵ سیاسەتی خۆیاندا نین، هیشتا لە چاو تاوانەکانی " دیموکراسی" ئیسڕائیلدا شایانی باس نین.

بۆپێشەوە: ئایا ئەم ئاگربەستە دەگاتە ڕیکەوتنێکی هەمیشەیی و ڕۆشتن بەرەو چارەسەری کیشەی فەلەستین؟

سامان کەریم: بەپێی ستراتیژی ئەمریکی بۆ جیهانی ئەمرۆ وەک بەکورتی باسمان کردووە لەسەرەوە، دەبێت وابێت، ئەگەر نا، ئەمریکا دەرگیر دەبێتەوە لەگەڵ سەنگەرە جیاوازو بێشومارەکانداو گوژمی ستراتیژی خۆی لەدەستدەدات لە بەرانبەر سەرمایەی چینیدا. بەڵام باسی من باسی چارەسەر نیە بۆ کێشەی فەلەستین وپێم وایە لەسایەی سیستەمی سەرمایەداریدا چارەسەرێک بوونی نیە، بەڵام ئاشتی کاتی و هەڵپەساردنی کێشەکان و ئارامیەکی ڕێژەیی و چەرخانی بازاڕو ئابوری ئەو ئاڕاستەیە کە ئەمریکا کاری لەسەر دەکات لە پەیوەند بەم کێشەیەوە. بەجیا لەوەش کێشەکە لە نێو گێژاوی کێبەرکێو ململانێی توندی نێوان زلهێزەکاندا دەخولێتەوە.

**بۆپێشەوە: دەوترێت تا کیشەی فەلەستین چارەسەر نەکرێت، ئارامی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا جێگیر نابێت، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟ لە ڕوانگەی ئێوەوە ڕێگای چارەسەری کیشەی فەلەستین چییە؟**

**سامان کەریم:** ئەگەر باسی چارەسەرە، تەنها چارەسەر، شۆڕشی شۆسیالیستیە، چارەسەری دیکە بوونی نیە بۆ ئەم کێشەیەو کێشەکانی دیکە. لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری ئەم قۆناغەدا چارەسەری کێشەکان ناکرێت، واتە سیاسەتێک نیە بۆ چارەسەری کێشەکان لە ڕوانگەی سەرمایەوە، ئەوەی هەیە بەرزکردنەوەی تێکڕایی گشتی قازانجە لە ئاستی جیهانیدا، ئەوە ئامانجی گەورەی سەرمایەو سەرمایەدارانی جیهانو دەولەتە زاڵەکانیانە وبۆ ئەم مەبەستە چی پێویست بێت دەیکەن. بەڵام پینەو پەڕۆکردن هەیە، هەڵپەساردنی کێشەکان هەیە، سەقامگیربوونی کاتیو ئارامیو ئاسایشی ڕێژەیی هەیە، ئاشتی کاتی و دابینکردنی زەمینەی ئاسایشی جیاواز هەیە بۆ گەشەو بردنە پێشەوەی پرۆژە ئابورییە جیهانیەکان.

پێویستە لە چوارچێوەی سیستەمی ئەمرۆی سەرمایەداریەوە سەرنج بدەین، ئەمرۆ سەرمایەداری گەیشتۆتە ئاستیکی هێجگار بەرز لە چڕبوونەوەی سەرمایە-ترکیز- و پاوانکردنێکی سەرسوڕهێنەری بازاڕی جیهانی لە لایەن چەند سەد کۆمپانیەکی جیهانیەوە، بەم پێەش کێبەرکیی نێوان بەشەکانی سەرمایەی بردۆتە ئاستیکی خەتەرناکەوە، لە سایەی قولترین قەیرانی

ئابوری سیستەمەکەدا کە بیوێنەیە لە مێژوودا.

لەم ڕوانگەیەوە چارەسەری جیاواز هەیە، یان وردتر بلێم پینەو پەڕۆکردنی جیاوازی بورژوایی هەیە، بۆ ئەم کێشەیە. لەوانە دوو دەوڵەتی فەڵەستینو ئیسرائیل کە پشتی بەستووە بە کۆمەڵێک بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها پینەکردنی "چارەسەری" یەکدەوڵەتی هەیە، پێشتر

**: ئەم نارەزایەتیانە لە ئاستی جیهاندا تارادەیەك فراوانو گەورەبوون، من وەك هۆکارێکی کاریگەر نایبینم بۆ ئاگربەستو وەستانی جەنگ، بەڵام ئەم نارەزایەتیانە بوونە هۆی زیاتر لەگۆڕنانی ئەو چەمکە درۆزنو ئایدۆلۆژیانەی کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا خۆیانیان پێوە بادەدا، چەمکەکانی وەك: ئازادی بیرورا، یەکسانی یاسایی، یاسا نێو نەتەوەییەکان، دادوەری جیهانی، مافی مرۆڤ، دیموکراسی"ئەوانە و چەندینی تریش چونە گۆڕستانەوە و لەمبارەوە نارەزایەتیەکان ڕۆلیان هەبوو ....**

پێشنیازکراوە لە لایەن ئەدوارد سەعیدەوە دوای فەشەلی ڕێکەوتننامەی ئۆسلۆ، ئێستاش موحەمەد دەحلانو ناسرقدوە...هەمان خواستیان هەیە. یەکێک لە پێشنیازەکانی دیکە ئەوەیە کە کۆنفدرالی بکرێت لەگەڵ ئەردەندا، بەتایبەت کەرتی ڕۆژئاوا، ئەم پێشنیازە زیاتر هاوئاهەنگە لەگەڵ ڕوانگەی ئیسرائیلو ئەمریکا. ئەمانە پینەکردنی جیاوازی بورژوایی جیهانین وە بەتایبەتی ئەمریکاو ڕۆژئاوا لەسەر هەردوو ئەلتەرناتیڤی دووەمو سێهەم مکووڕترن وئەلتەرناتیڤی یەکەمیان کە پێکهێنانی دوو دەوڵەتە کۆی بورژوازیی جیهانی لە ڕیگەی نەتەوەیەکگرتووەکانە کۆکن لەسەری ئەگەر چی بە ئاشکر ئیسرائیل دەڵێت پیادەی ناکەم و ئەمریکاش بە شێوەی پراگماتیکانە پاشەکشەی لێکردووە. هەروەها پێشنیازەکانی چوارینەی نێودەوڵەتی هەبوو کە پێکهێنانی دوو دەوڵەتیە بە هەندێ ئالۆگۆری ئیدارییەوە لە ناوچەکاندا. لە تەموزی ساڵی پاردا ٢٠٢٤ئێمە شاهیدی " ڕاگەیاندنی پەکین" ین لە وڵاتی چینو بەسەر پەرشتی وەزیری دەرەوەی چین کە گرینگترین پۆینتی ئەو ڕێکەوتننامەیە ئەوە بوو ؛"ڕێککەوتن بوو لەسەر پێکهێنانی حکومەتی ئاشتەوایی نیشتمانی لەسەر بەڕێوەبردنی غەزە لە دوای جەنگ."

لە نێو هەموو ئەو ئەلتەرناتیڤە جیاوازانەدا، بەهای دوو دەوڵەتی لە میدیا و لەئاستی ڕەئی گشتی جیهانیو ولەنێو فەڵەستینیەکاندا زیاترە. بەڵام ئەگەر دوو دەوڵەتیش پێک بێت، چارەسەری کێشەکان ناکات ولەوانەیە ئاڵۆزتری بکات، وەک دەیان نمونەی بەرچاو و دیار لە ئاستی جیهانیدا. لوبنان دەوڵەتەو پەنجا ساڵە ئارامی نەدیووە بەخۆیەوە و کێشەکانی فراوانترو گەورەتربوون، تایفەگەریو دیاردەی میلیشایی چۆتە ئاستێکی باڵا تیایدا، ئەمانە ئەگەر واز لە کێشە بناغەییەکانی سیستەمەکە بهێنین لە برسێتی و ئاوارەیی و کەمی مووچە ونەبوونی خزمەتگوزاری.

چۆن دوو دەوڵەتی چارەسەری کێشەکە ناکات؟! لە ڕاستیدا چەند دەیەیەکە جیهانی سەرمایەداری ئالۆگۆڕی گەورەی بەخۆیەوە دیووە، کە بەهیچ شێوەیەک لە فۆرمو دەرکەوتنیو، ئاراستەی گەشەی سەرمایەدا لە سەردەمی کێبەرکێو ململانێی سەرمایەداری کلاسیکو تەنانەت لە سەردەمی جەنگی سارد ناچێتو زۆر جیاوازە لێیان. ئەم سەردەمە سەروەری بەسەر بازاڕی جیهانیەوە بەتەواوی جیهانیە، سۆڤەرجێنتی- سەروەری- وڵات و نیشتمان هیچ مانای نەماوە، نەک تەنها بۆ ئەو وڵاتانەی کە ناویان لێنراوە " وڵاتە فاشلەکان" بەڵکو سەروەری بۆ ئەمریکاو چینو ڕوسیاو ئەلمانیاو ... ئەوانەش نەماوە، سەرەڕای ئەوەی کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نیوان وڵاتە " فاشلەکان' و ئەم زلهێزانەی سەرمایەدا. سەرنج بدە لە وڵاتەکانی وەک عیراقو سوریاو یەمەنو لیبیاو ئەفغانستانو ئۆکرانیاو سۆماڵو جۆرجیاو لوبنانو ...ئەمانە وڵاتن و ئاڵای خۆیان هەیە و ئەندامی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکانن!! بەڵام وڵاتبوونی ئەمانە چارەسەری کێشەی خەڵکی ئەم وڵاتانەی نەک نەکردووە، بەڵکو تەنانەت چارەسەری کێشەی نێو خۆی چینی بورژواییەکەشی نەکردووە،... بازاری جیهانیو کۆمپانیا جیهانیەکان سەروەری دەکەن بەسەر ئەم

**لەسایەی سیستەمی سەرمایەداریدا چارەسەرێك بوونی نیە، بەڵام ئاشتی کاتی و هەڵپەساردنی کێشەکان و ئارامیەکی ڕێژەیی و چەرخانی بازاڕو ئابوری ئەو ئاڕاستەیە کە ئەمریکا کاری لەسەر دەکات لە پەیوەند بەم کێشەیەوە. بەجیا لەوەش کێشەکە لە نێو گێژاوی کێبەرکێو ململانێی توندی نێوان زلهێزەکاندا دەخولێتەوە.**

وڵاتانەوە لە ڕێگای هێزی دەوڵەتی خۆیانەوە.... لە هەمانکاتدا ئەوەتا ترامب بەئاشکرا دەڵی کەندا دەکەم بە ولایەتی ٥١ی ئەمریکا، خۆ کەندا یەکێکە لە حەوت وڵاتە پیشەسازیە گەورەکانی جیهانو ئەندامی ناتۆیە، داوای کەناڵی پەنەما و دورگەی گریلاندی دانیمارک دەکات. لەوەش بترازێت، بەهۆی هێزی سەرمایەی گەورەوە چین و ئەمریکا دەتوانن سەروەری خۆیان بەسەر هەموو جیهاندا بسەپێننو سەپاندوویانە. سەرنج بدەنە ئاستی بازارگانی نێوان وڵاتە گەورەکان و سەپاندنی سزای ئابوریو و گومرگو ڕێگرتن لە ناردنی کەرەسەی خاو و کەرەسە پێشکەوتووەکانی تەکنۆلۆژی و کانزا گرانبەهاکانی ژێر زەوی، هەروەها لە ڕێگەی فشاری ئابوری و جەنگی میدیایی و هێرشە سیبریانی و دروونەکانەوە، ئەمە جگە لە جەنگە ڕاستەوخۆکان و جەنگی بەوەکالەتو ئابلوقە ئابورییەکان وشۆرشە ڕەنگاوڕەنگەکان لەوانە شۆرشەکانی بەهاری عەرەبی... وڵاتانی زلهێزی سەرمایە لەو ڕێگایانەوە دەتوانن زۆر ئاسان سەروەری لە وڵاتانی دیکە وەربگرنەوەو لە هەمانکاتدا، بانکی نێو دەوڵەتیو سندوقی جیهانیو بانکی شەنگەهای و نەتەوەیەکگرتووەکانو شورا ئەمنیەکەیو یەکێتی ئەورووپا ودەزگا جیاوازەکانی و بریکسو دەزگاکانی، هەموو ئامرازی تێکشاندنی سەروەری نیشمانین لە ڕێگای جیاوازەوە.

ڕوانگەی هەر ئێستای بورژوایی جیهانی بەرابەری ئەمریکاو ڕۆژئاواو لەگەڵیاندا ئیسرائیلو هندستانیش ئەوەیە کە کەرتی غەزە جیابکرێتەوەو مامەڵەیەکی تایبەت بکرێتو خەڵکەکەی ڕابگوازرێت بۆ وڵاتانی دەوروبەر، میسر و بەتایبەت ئەردەن لەمبارەوە ترامب بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندووە و دەڵی: " ڕۆژی شەممە بە تەلەفۆن لەگەڵ شا عەبدوڵڵای دووەم، شای ئوردن باسی ئەو پلانەی کردووە کە ئوردن و میسر و وڵاتانی دیکەی ئەندام لە کۆمکاری عەرەبی، پەنابەری زیاتری خەڵکی غەززە وەربگرن و بڕیارە ڕۆژی یەکشەممەش هەمان بابەت لەگەڵ عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر باس بکات. هەروەها ترەمپ گوتی: "حەز دەکەم ئەوان خەڵکی زیاتر وەربگرن؛ میسر خەڵکی زیاتر وەربگرێت. ئێمە باس لە نزیکەی ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار کەس دەکەین بۆ ئەوەی شوێنەکە بە تەواوی پاک بکەینەوە و پێیان بڵێین کۆتایی هاتووە".(ڕووداو سایتی کوردی، ٢٠٢٥,١،٢٦)

لێرەوە جارێکی دیکە کۆنفدراڵی لەگەل ئوردون دێتەوە پێش. ناوەڕۆکی ئەم ئەلتەرناتیڤە پایەیەکی گەورەو ستراتیژی ئابوری هەیە کە هەمان ستراتیژی بایدن سەرۆکی پێشووی ئەمریکایە، لەبەرانبەر ستراتیژی " ڕێگای حەریری چیندا" ئەویش پرۆژەی ستراتیژی " هندستان، ئیماراتی عەرەبی، سعودیە، غەزەیە" لەوێوە ناردنی کەلوپەلو وزە بۆ ئەورووپا. ئەم پرۆژە ئابورییە گەورەیە، ڕێگرتنە لە " ڕیگای حەریری چینی" بەتایبەت ئێستا سوریا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ڕوسیاو چیندا نەماوە یان نفوزیان زۆر کەمبۆتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە غەزە و سنورە دەرياييەکەی ژێرزەمینێکی زۆر گەورەی غازە. لێرە نهێنی کێشەکە لە غەزەدا چڕدەبێتەوە. ئایا ئەم پرۆژەیە بە غەزەی فەڵەستینی دەکرێت یان بە غەزەی ئیسرائیلی یان بە غەزەی بارێکی تایبەت کە فەڵەستینیەکان ڕازی بن بە کەرتی ڕۆژئاواو دەوڵەتێک لەو ناوچە بچووکەدا پێک بهێنن و لە بەڕێوەبردنی ئیداری غەزەدا لەگەڵ ئیسرائیلیەکاندا هاوبەش بن، بە هاوبەشی ئەمریکیو میسرییەکان لە باری ئەمنیەوە.... یان وڵاتێکی فیدراڵی پێک بێت لە نێوان ئیسرائیلو فەڵەستین... کە هەموو بابەتەکانی دەوڵەتەکە لە ڕێگای ئیسرائیلەوە بەڕێوەببرێت. مەبەستم ئەوەیە ئەوانە پێشنیازو و دیدگاو ئەلتەرناتیڤەکان و" چارەسەرەکانی" چینی بورژوایی جیهانیە بەرابەری ئەمریکا. بەڵام هیچ یەک لەو ئەلتەرناتیڤانە هەم چارەسەر نین، بەڵکو پێنەو پەڕۆکردنە لە پێناو قازانجی ئابوریو ملشکاندنی هێزی بەرانبەر وهەم وەکو ئاماژەم پێداوە لەچوارچێوەیەکی کاتیدا دەبێت لێکبدرێتەوەو لە دواجاریشدا هێز هاوسەنگی نێوان گەورە سەرمایەکانی جیهان، یەکێک لەو پێشنیازانە جێدەخات. لە دواجاردا ئەگەر نەخشەڕێگای بایدن (هندستان-غەزە) جێبەجێنەکرێت، ئەوا ئێتر غەزە لەو کاتەوە لە هاوکێشەکە دێتە دەرەوە ئەو گرینگیەی نامێنێت.

لە ڕوانگەی منەوە، چارەسەر هیچ کات پێکهێنانی دەوڵەت نییە بۆ "نەتەوەی ژێر دەستە!" ئەگەر بووچونێکی وا لە مێژووی زیاتر لە سەت ساڵە زاڵبووە بە سەرماندا، ئەوە پێچەوانەی ئاڕاستەی تەجروبەکانی مێژووە، لە ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژوویەوە ئاشکرابووە، کەم ئەم ئەڵتەرناتیڤە لە بناغەدا چارەسەری هیچ کێشەیەکی نەکردووە، بەڵکو زۆر جار کێشەکانی قوڵترکردۆتەوە. لەم سەردەمەدا مەسەلەی پێکهێنانی دەوڵەتی-نەتەوە، لەڕوانگەی منەوە خواستێکی دواکەوتووەو مێژووی سیستەمی سەرمایەداری لە مێژە بەجێیهێشتووە.

جەختدەکەمەوە لەسەر چارەسەرکردن، ئەوە واتە کۆتاییهێنان بە کێشەیەک لە ڕووی مێژوویەوە، واتە دووبارە سەرهەڵنەداتەوەو لێکەوتەی نالەبارترو سەختر بەرهەمنەهێنێت، بارێکی ئاوەها تەنهاو تەنها لە ڕێگای شۆڕشی پرۆلیتاریا و نەمانی چینەکانەوە دەستەبەر دەبێت...

**زۆر سوپاس. ٣٠/جەنیوەری/٢٠٢٥**

# درێژەی: زمانی نوسین له ده‌قه‌شیعرییه‌كانی ئازاد مارف دا

دەرەوەی زمان نییە. مانا و جوانیی هەر تێکستێک، ئەدەبی یان فەلسەفی، پێش هەر شتێک لە زمانەکەیدا، یان دروستتر بڵێم لە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان و دەرخستنی جوانیی زمان و توانای داهینەرانەی زماندا دەردەکەوێت. بەڵام پەیوەندیی نێوان زمان و شیعر تایبەتمەندیی خۆی هەیە، واتا لەو پەیوەندییە جیاوازترە کە لە نێوان زمان و ژانرە ئەدەبییەکانی تر و جۆرەکانی دیکەی نووسیندا هەیە.

زمان، لە ڕێی شیعرەوە، چڕ و پوختە و بە شێوازێکی جیاواز پێشان دەدرێت، جوانی و سیحرەکانی دەردەخرێن. زمان لە شیعردا، بەهۆی پەیوەندیی هونەرییانەی نێوان وشەکان و مێتافۆر و لێکچواندن و سیمبول و شێوازی دیکەی وێنەی ئەدەبییەوە، فۆرمی نوێ و توانا و وزەی نوێی دەربڕینی بەبەردا دەکرێت.

لە ئەنجامدا زمان لە ئامرازی دەربڕین و لەیەکتری گەیشتن و گەیاندنەوە، دەگۆڕدرێت بە بواری پشکنین و داهێنان و وێناکردنی جوانی و دەرخستنی هەست و هزری ئەوی شاعیر واتە شاعیر لە ڕێگای زمانی شیعرییەوە دیوویی ناوەوەو عەقڵی باتنی دەخاتەروو. ئەمەش ئەو جیاکارییەی شیعری ئازاد مارفە لە شاعیرەکانی سەردەمەکەی پێ جیادەکرێتەوە ،زمانە شیعرییەکەیەتی.

چارەنووسم هەموو شتێکی ڕوخاندم...قەدەر هەر لە خۆی نەپرسی

لە بوونی چی بۆ سەلماندم

تۆ ئەزانی لە بەردەم مەخلوقی شیعرا زەمانە چۆن ڕووی شکاندم

شەوێ گۆرانی ئەچڕم...شەوێ پارچەی شەڕ ئەکرم

ئاخر خۆ تۆش لە دەیان ساڵی نەخۆشیم

دەردێکت تێنەپەڕاندم

تازە ئیتر زەمەنی من درێژ بووە...لە عومرم گەورە تر بووە

تاڵی زەردی پەشیمانیم

دێڕێکی هەڵناکرێتەوە...تۆم لە خۆم بۆ ناکرێتەوە

زامێکی ناکوژێتەوە...دەفتەری پڕ لە ڕوانینی چاوەڕوانیم

ئای لەم حاڵە چەند بێ هزر و چەند بێ هۆش و بێ کیانم

گەڕانەوەم خۆکوشتنە...ڕۆیشتنم هەزاران ساڵی مردنە

ئاخ نازانم کامەیان بە ڕاست بزانم

ئاخر بێ تۆ من دژی مەرگ و ژیانم.

.

(ئەفلاتۆن) ٢رای وایە کە شیعر لە سێ رەگەز، یان لایەن پێک دێت: وشە، مۆسیقا و ریتم.

لێرەدا وشە بەواتای زمان دێت. چونکە وشە فۆرمی زمانە. زمان لە ریێ وشەوە خۆی دەردەخات، توانا و هێزی خۆی و سروشتی نوسینی نوسەری پێ ئاشکرا دەبێت.

سەرچاوە/

١-هایدیگەر بوون و کات

٢-کۆماری ئەفلاتون

## هێزی چینی کرێکار لە یەکگرتووبوون و ڕێکخراوبوونیدایە!

# درێژەی دوا وتە

ئیسرائیل لە باری سەربازیی و بە پشتیوانی تەکنۆلۆژیای سەربازی سەردەم و بە هاوکاری ئەمریکا و غەرب، لەباری سەربازییەوە، چ بەسەر خەڵکی فەلەستین و غەززەو چ بەسەر حەماس و حزب اللەدا، باڵادەست بوو! بەڵام لەباری سیاسییەوە، هیچ کام لە ئامانجەکانی بەدەست نەهێنا. حەماس مایەوە و ناچار بە گفتوگۆ لەگەڵ کردنی بوو. بارمتەکان بە ڕێکەوتن لەگەڵ حەماس، پۆل پۆل ئازاد دەکرێن و خەڵکی فەلەستین بە ورەی بەرزەوە دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و شاری خاپورکراویان و ئایندەی ئاسایشی ئیسرائیلیش لە گرەوی چارەسەری کیشەی سیاسی خەڵکی فەلەستیندایە.

بەجیا لەوانە... کێشەی سیاسی خەڵکی فەلەستین، کە تا بەر لە کردەوەی ٧ ئۆکتۆبەری حەماس!! وەکو کیشەیەکی چارەسەرنەکراوی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، کەنار کەوتبوو، لاوەکی و پەراوێز خرابوو، بۆ جارێکی تر بووە بە مەسەلەی پرسی رۆژ چ لە ئاستی ناوچەکەو و چ لەئاستی دنیادا. هەرچییەکیش لە ژێر سایەی پەراوێزخستنی کیشەی سیاسی خەڵکی فەلەستیندا، نەخشەی بۆ کیشرابوو، پیلانی بۆ چنرابوو، بەسەریەکدا ڕماو جارێکی تر پرسی سیاسی خەڵکی فەلەستین هاتەوە سەر مێزی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و بەردەم رای گشتی دنیا.

دەوڵەتی ئیسرائیل وەکو دەوڵەتی میحوە و پایەگای ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، چ بەو گوزەی غافیلگیرییەی!! ٧ ئۆکتۆبەردا لێی درا چ بەبەرگری و مانەوەی ١٥ مانگەی حەماس و تەسلیم نەبوونی، سامی دەوڵەتی ئیسرائیلی شکاند. زیاتر لەوەش ناوەرۆکی پوچی دیموکراسی ئەمریکا و غەربی بەڕۆشنترین شێوەو لە مەیدانی پرکتیکیدا و لە ئاستی کۆمەڵگەی ئینسانیدا لە مەحەکدا. بەمەش نەک تەنها دەوڵەتی ئیسرائیل، بەڵکو ئەمریکا و غەرب، بە هاوکاری و پشتیوانی بێدرێغیان لە دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەو جینۆسایدەی وەرێیخست، گەورەترین گورزیان لە هەیبەت و لە بەپیرۆز راگرتنی دیموکراسی وەشاند. چینی کرێکار و دنیای ئینساندۆست و ئازادیخواز، بۆ جارێکی تر بە هاتنەوە مەیدانی ملیۆنیان لەدژی جەنگ و ملهوری دیموکراسی و لە پێناو ئاشتی و ئازادیخوازیدا، ناتەبایی و چارهەڵنەگری جەنگی واقعی نێوان بۆرژوازی و چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازیان، نمایش کردەوە.

دەوڵەتی ئیسرائیل و سەرانیان لەلایەن خودی دام و دەزگای دروستکراو و دەستپەروەردەکراوی بۆرژوازی وەکو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و ڕیکخراوەکانی تر... ناویان خرایە لیستی تیرۆرەوە، ئەم هەنگاوە ناچاریەش بۆ گێرانەوەی ئابڕوی دیموکراسی و شان خاڵی کردنەوە بوو لەو تاوانکارییە بێ پاساوانەی دەوڵەتی ئیسرائیل، بە بەرچاوی دنیا و بە دەست ئاوالاییەوە ئەنجامی دەدان.

دوای ١٥ مانگ لە جەنگێکی خوێناوی و گەیشتن بە ئاگر بەست، کێشەی سیاسی خەڵکی فەلەستین، زیندوتر لە پێشووە. زیندوبوونی زیاتری کیشەی سیاسی خەڵکی فەلەستین هەر لە خۆدزینەوەی ڕێگای چارەسەر و چاو نوقاندن لە ڕیکەوتنەکان و بریارەکانی ریکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکاندا نییە، بەڵکو بەرهەمی دریژەدانە بە داگیرکاری ئیسرائیل و ئاکامی سیاسەتی ئەمریکا و غەربە.

ئەگەر کیشەی سیاسی خەڵکی فەلەستین چارەسەر نەکرێت، کە بەرەسمی ناسینی دەوڵەتە بۆ فەلەستینیەکان لەپاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلیدا، رۆژهەڵاتی ناوەراست ناتوانێت سەقامگیریی دریژ مەودا بەخۆیەوە ببینێت. هەروەها تا ئەو کێشەیە بمێنێتەوە، کەڵک وەرگرتن لێی بەوێنەی کێشەیەکی چارەسەرنەکراو لە ململانێی نێوان ولات و جەمسەرەکانی ناوچەکەدا، دەمێنێتەوەو چەندین حزب و ڕێکخراوەی سیاسی و قەومی و دینی و کۆنەپەرست و دژە ئینسانی، دروست دەبن و دریژە بە ژیانی خۆیان دەدەن.

دیارە هیشتا ئاییندەی ئەم ئاگربەستە کاتییە، نادیارەو هەرەشەی دوبارە دەستپێکردنەوەی شەر، ئەگەرێکە بەتایبەت لەلایەن ئیسرائیلەوە. ئەوەی دەتوانێت ئەم ڕیکەوتنە کاتییە، بکاتە ریکەوتنێکی دریژ مەودا، تەنها گرەوی بەردەوامی گوشارەکان و بزوتنەوەی دژە جەنگی بەرەی ئینسان دۆست و ئاشتی خوازی ملیۆنی دنیادایە، بۆسەر ئیسرائیل و سیاسەتی هاوکاری و پشتیوانی ئەمریکاو غەرب.

**یەکی شوباتی ٢٠٢٥**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ئەرەوەند رزگار، سامان کەریم، جەمال نوری، سەردار عەبدوڵا حەمە، بەندی عەلی، وریای رەسام، نەجم محەمەد، سەلام سەعید، ، گاوان قادر،ڕووزار، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، ڕێبوار حەمەشەریف...

دۆسیەی ژمارە "ئاگر بەستی نێوان ئیسرائیل و حەماس و ئایندەی پرسی فەلەستین"؟

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

دوا وتە

## ئاگربەستی نیوان ئیسرائیل و حەماس!!

عەبدوڵا مەحمود

سەرئەنجام دوای ١٥ مانگ لە جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماس ئاگربەستیکی کاتی راگەیەنرا. ڕاگەیاندنی ئاگربەست بووە مایەی خۆشحاڵی سەرجەم خەڵکی ئاشتیخوازو ئینساندۆست. ئەوەی کە وای کرد راگرتنی شەر ببێتە مایەی خۆشحاڵی ئینسانیەتی ئەم سەردەمە، خوێناوی بوونی ئەم شەڕە و بەتایبەتی تر ئەو جینۆسایدە بوو کە ئیسرائیل لە خوڵقاندنیدا، گەورەترین داهێنانی کرد. لە ماوەی ١٥ مانگی جەنگدا، لایەنی هەرە بەرجەستە و دیاری جەنگ، کوشتاری دەست ئەنقەستی دەیان هەزار ئینسان لە ژن و منالّ و پیرو پەککەوتە، وێرانکاری بوو، بوردمانی خەستەخانە، قوتابخانە، کەمپی ئاوارەکان، دامەزراوەکانی ئاو و کارەبا، کارمەندانی یوئین، رۆژنامەنووسان، کوشتاری سەرەی وەرگرتنی خۆراک و چیننەوەی بوو. بۆیە بەمانای وشە جەنگ، لایەنی بەرجەستەی جەنگ، لەلایەک دەوڵەتی ئیسرائیل و لەلایەکەی تر، خەڵکی فەلەستین و بەتایبەتی غەززە بوو، تا حەماس.


ئەم جینۆ سایدەی ئیسرائیل لە جەنگ لەگەڵ حەماسدا بەسەر خەڵکی فەلەستین و غەززەی هێنا، جینۆسایدێک بوو بە پشتیوانی ئەمریکا و غەرب و دیموکراسی، کە دیوی دووەمی درندەیی ئیسلامی سیاسی و لە پێشیناوە داعش خستەوە روو کەبەسەر خەڵکی شەنگال و موسڵ و ناوچەکەی هێنا. چ دەوڵەتی ئیسرائیل و چ داعش، بوونە دوانەی هارێنی ئینسانی بێ تاوان لەو پەڕێ دلڕەقی و دڕندەییدا، لە میژووی هاوچەرخی دنیادا.

لەم جەنگەدا حەماس گوزی سەختی بەرکەوت و بەدەیان لە فەرماندە سیاسی و سەربازیی و هەواڵگریەکانی تیرۆرکران و کوژران، توانا سەربازیی یەکجار زۆری لەدەستدا، لەپاڵیدا حزب الله لوبنان، گورزی سەربازی گەورەی بەرکەوت و بەدەیان لە فەرماندە سیاسی و سەربازی و هەواڵگریەکانی و بەدیاریکراوی چەندین کەسایەتی یەکەمی تیرۆرکران و کوژران. ئێران خەسارەتێکی زۆری کرد و هێزە نیابەتیەکانی شەتەک کران.

ئامانجی دەوڵەتی ئیسرائیل لەم جەنگەدا، کۆتاییهێنان بە حەماس و خۆ رادەستکردنیان، ئازادکردنی بارمتەکان، گێرانەوەی ئاسایش بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، تیکشکاندنی ورەی خەڵکی فەلەستین بوو، کەچی هیچ کام لەو ئامانجانە بەدی نەهاتن، حەماس گوزی سەربازی سەختی لێدرا، بەڵام خۆی رادەست نەکرد و مایەوە... بارمتەکان بە جەنگ، رزگار نەکران و نەگێردرانەوە و ڕیکەوتنی ناچاری کرا، ورەو ئیرادەی خەڵکی فەلەستین تێک نەشکا، وە هیچ زەمانەتێک بۆ ئاسایشی ئیسرائیل، فەراهەم نەبووە.

بۆ لاپەڕە 13

## هەندی جار.... بەندی عەلی



هەندێ جار
هەندێ جار دەبێ خاریش بی
بۆ ئەو پەنجانەی، سیخوڕ
بۆ سیـابـاکـان دەکەن و
شکۆفەی ( داد ) دەوەرێنن ..
هەندێ جار دەبێ ماریش بی
بۆ ئەو پێیانەی بێ شـەرم
دێن و بۆ هەوەس، سنووری
سووری حورمەت دەبەزێنن ..
هەموو کاتێ، بە هاریش بی
بۆ ئەوانەی تۆوی ئومێد،
لە دەشتی دێمی ئەمڕۆدا
بە ئەسرین و ئارەقەو خوێن
بۆ سبەینێی (حەق) دەچێنن
زۆر جار دەبێ گڵ بی بۆ گوڵ
خۆربی بۆ ئەشکەوتی دیدە و
باران بی بۆ خاکی تینو ..
بۆ گەرمەسێری ڕەنجیش ، با
( هەندێ جار ..... نـــــا )

## بەرهەمێکی نوێێ هونەرمەند وریای ڕەسام

